بەڕێز کاک مەهدی بەدری  لە دوو بەشدا لە وێبلاگی خۆی باسێکی لە سەر تەحویل دانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بڵاو کردۆتەوە کە ئێمە لێرە  هەر دوک بەشی دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

www.peshmergekan.com

25-11-2010

...........

## خیانەت لە ژێر سێبەری ئیسلامدا ، بەشی 1 و 2

مەهدی بەدری

"گەورەترین ترسم لە ژیان دا, ئەوەیە بۆ جارێکی دیکە نەکەومەوە زیندانەکانی رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی". ئەوە وتەی مزەفەر کازمی یەکێك لە هاوڕێیانی تەحویلدراو لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی بە کۆماری ئیسلامی بوو. ناوبراو پێش هاتنە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, جارێك لە لایەن دەزگا ئیتلاعاتیی‌یەکانی رێژیم دەگیرێو دەکەوێتە ژێر ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر.

بە پێی بیرەوەرییەکانی مزەفەر بێڕەحمترین, خوێن رێژترینو جینایەتکارترین ئینسانەکان وەك بەڕێوەبەرانی زیندانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کار دەکەنو بە وەحشییانەترین ئەشکەنجەی رۆحیو جیسمی زیندانیی‌یەکان ئازار دەدەن تا بە مەبەستەکانیان بگەن. ئێوارەی رۆژی 13ی ڕەزبەری 1375ی هەتاوی کاتێك هاوڕێیان بەرەو شاری پاوە بەڕێ دەکران زاهیری مزەفەر وەکوو هاوڕێیەکانی دیکەی نەبوو. وەکوو ئەوەی کە لە دڵەوە خەبەردار بوو کە ئەم چوونەوەیە گەڕانەوەی بەدواوەدا نیە.

بەداخەوە ئەو هاوڕێیانە کاتی گەڕانەوە لە ناوچەی پاوەدا, لە ناوچەی هەڵەبجەی کوردستانی عێراق کە ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامی دا بوو لە لایەن ئەو رێکخراوەوە دەگیرێنو دەستو لاقو چاویان دەبەستنو تەحویلی کۆماری ئیسلامی ئێران درانەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا زیاتر لە حەوت ساڵ تێپەڕیوە. لەسەر ئەو خیانەتەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر گوتراوەو نووسراوە, کە هەمووی لە چوارچێوەی وتاردا بووە. بە پێویستم زانی لەسەر ئەو کردەوە پڕ شوورەیی‌یە کە وەك خیانەتێکی مێژوویی دەمێنێتەوە هەرچەند بە کوورتیش بێ کتێبێك ئامادە بکەم تا هەم وەکوو هاوڕێیەك ئەرکی سەرشانی خۆم دەرحەق بە هاوڕێیانم بەجێ گەیاندبێو هەم بەهێنانەوە بیری ئەو خیانەتەی بزووتنەوەی ئیسلامی جارێکی دیکە ئەو رێکخراوە وەك بەڕێوەبەری ئەو کردەوەیە ریسوا بکرێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم رێزو سوپاسی خۆم پێشکەشی ئەو کەسانە بکەم کە لە دەرکردنی ئەم کتێبە دا هاوکاری‌یان کردووم‌و لە ڕێنوێنی‌یەکانی خۆیان بێ‌بەشیان نەکردووم بەتایبەتی کاك مستەفا هیجری, کاك بابا عەلی مێهرپەروەرو کاك مستەفا مەعرووفی, هیوادارم بتوانم وەڵامدەری زەحمەتەکانیان بم.

نووسەر

چۆنیەتی تەحویلدرانەوەی

ئەندامانی حیزبی

سەر لە بەیانی رۆژی 13ی رەزبەری 1375ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەکی کومیتە شارستانی پاوەدا, بڕیار درا تیمێکی حەوت کەسی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی حیزبی رەوانەی ناوچەی پاوە بکرێ. لەو کۆبوونەوەیەدا, تەواوی بەشداران رەزامەندیی خۆیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە راگەیاند. بەڵام لە کۆتایی‌دا, لەسەر حەوت کەس ساغ بوونەوە. هەر لەو رۆژەدا کادرو پێشمەرگە دیاری کراوەکان لە لایەن کومیتە شارستانەوە بانگ کران‌و لەسەر چوونەوەیان بۆ ناوچە ئاگاداریان بکەنەوەو ئێوارەی هەمان رۆژ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێردراو بەرێ کران. دیارە لە کومیتەی شارستان دا, بڕیار درا ئەو تیمە لە هەر چەشنە هێرش کردنە سەر بنکەو پێگەکانی رێژیم خۆبپارێزن‌و تەنیا لە کاتی پێویست بەرگری لە خۆیان بکەن.

ئەندامانی حیزبی بەدوای شەوو رۆژێك رێپێوان دەگەنە ناوچەی پاوەو هەر لەو کاتەدا, رێژیم هەست بە بوونیان دەکا, هەربۆیە بەکرێگیراوانی رێژیم وەشوێنیان دەکەون تا بەڵکوو زەبرێکیان لێ‌بدەن‌و پێش بە تێکۆشانیان لەو ناوچەیەدا بگرن. بەڵام بە پێی ئەو پێوەندی‌یە بێ‌سیمی‌یانەی کە لەگەڵیان دا هەبووە, زۆر بە وریایی‌یەوە هەڵس‌و کوتیان کردوەو تەواوی پیلانەکانی رێژیمیان پووچەڵ کردۆتەوەو تەنانەت ئەرکی پێ‌سپێردراویان جێ‌بەجێ کردوە. بەهۆی ئاڵۆزبوونی ناوچە (کوردستانی عێراق) لە چەندین نەوبەت لە رۆژەکانی 23 تا 28ی رەزبەر هەوڵ دراوە پێوەندیان لەگەڵ بگیرێ تا ئاگاداری وەزعی ناوچەکەیان بکەنەوە, کە لە کاتی گەڕانەوەدا, تووشی گرفت نەبن. بەداخەوە هەوڵەکانی کومیتەی شارستان بێ‌سوود بووە, تەنانەت پەیامی رادیۆییش ئەوانی لەو ئاڵۆزی‌یە تێ‌نەگەیاندبوو. هەر لەو سەروبەندەدا, کە نیگەرانی وەزعی ئەو کەسانە بوون, سەرلە بەیانیی رۆژی 30ی رەزبەر, لە لایەن کەسێك لە ناو شاری پاوەوە, هەواڵی تەحویل دانەوەیان بە کۆماری ئیسلامی, گەیشت. بە پێی ئەو هەواڵە ئیتلاعاتی رێژیم‌و سپای پاسداران لە ناو شاری پاوەو ناوچەدا, وای بڵاوکردەوە کە گۆیا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ئەو

کەسانەی تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران داوەتەوە. هەر ئەو رۆژە دەفتەری سیاسی ئاگادار دەکرێتەوە کە هەواڵێکی وا هاتوە. لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بڕیاری لێکۆڵینەوە دەدرێ. لە پێش دا بۆ دڵنیا بوون لە تەحویلدانەوەی ئەندامانی حیزبی نەفەرێك بۆ ناوچەی هەڵەبجەو سنووری ئێران بەڕێ دەکرێ. بەدوای گەڕانەوەی ئەو کەسەدا دەرکەوت کە ئەندامانی حیزب لە سنووری عێراق (گوندی هاوار) بە جیپێکی شین کە رانندەکەی کەسێکە بە ناوی سەید عومەر خەڵکی عەبابەیلێ بووە, بەرەو شاری هەڵەبجە وەڕێ دەکەون. دیارە ئەو کاتە, هەڵەبجەو دەورووبەری بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان دابوو. لە نزیك گوندی عەنەب ئەو ماشێنە لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوە ئیسلامیی سەر بە ئەنوەر عەنەبی کە یەکێك لە بەرپرسانی نیزامیی بزووتنەوەیە رادەگیرێو داوای دابەزینیان لێ دەکەن, تا بە قسەی خۆیان هاوکاری‌یان بکەنو بۆ مقەڕەکانی حیزب بەڕێیان کەنەوە. بەدوای دابەزینی ئەندامانی حیزب هەر ئەو شەوە سەید عومەری رانندە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. بەڵام بەیانی‌یەکەی چەکدارەکانی بزووتنەوە کە سەر بەهێزی ئەنوەر عەنەبی دەبن دەچنە بەر دەرکی ماڵی سەید عومەرو سەبارەت بە رووداوەکەی شەوی پێشتر هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەنو پێی دەڵێن نابێ لە هیچ شوێنێكو بەلای هیچ کەس باسی ئەو مەسەلەیە بکا.

بەدوای ئەو هەواڵەدا لە رێگای پێوەندی‌یەکانی حیزب لە شاری سلێمانی کە ئەوکات بەرپرسی پێوەندی‌یەکان سەید مەنسوور ناسری* بوو, سەردانی پێوەندی‌یەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی دەکرێو داوای روونکردنەوەی چارەنووسی ئەندامانی حیزبی دەکرێ. بەڵام ئەوان حاشایان لە هەموو شتێك کردو وتیان ئاگامان لە هیچ شتێك نیە. هەربۆیە رۆژی 2ی خەزەڵوەری 1375ی هەتاوی (1996/10/23) لە لایەن کومیتە شارستانی پاوەوە نامەیەك بۆ رێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی بەڕێ کراوە, تا لە چارەنووسی ئەو کەسانە ئاگاداریان بکەنەوە. بەداخەوە وەڵامێکی ئەوتۆ لە لایەن رێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی بە کومیتە شارستانی پاوە نەگەیشتو حاشایان لە هەموو شتێك کرد. دیسان بۆ جارێکی دیکە پێوەندی بە سەید عومەر کراوەو ئەویش سوور بوو لەوەی کە ئەو چەکدارانەی ئەندامانی حیزبیان لە ماشێنەکەی ئەو دابەزاندوە سەر بە هێزەکانی بزووتنەوەنو فەرماندە نیزامی‌یەکەشیان ئەنوەر عەنەبی‌یەو لەو ناوچەیەدا زۆر ناسراون. لە چەند رێگای دیکەوە لە شاری هەڵەبجەو چەند دۆستێکی حیزبەوە کە چەکداری بزووتنەوە بوون, ڕوون دەبێتەوە کە بزووتنەوە ئەو جینایەتەی خولقاندوەو ئەندامانی حیزبی تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە. تەنانەت بەدوای ماوەیەك دەرکەوت کە چەكو کەرەسەی ئەندامانی حیزب لە ناو بزووتنەوە بەکێ‌یەو کێ دەستی بەسەر دا گرتوون. لای هەموو کەس روونو ئاشکرایە کە ئەو کات دەسەڵاتی هەڵەبجەو ناوچەکانی دەورووبەری تەنیا لە ئەستۆی بزووتنەوەی ئیسلامی بووەو هیچ حیزبو رێکخراوێکی دیکە لەو ناوچەیەدا نەبووە. چەند کەسێك لە چەکدارەکانی بزووتنەوەو خەڵکی ناوچە ئیعترافیان کردوە, ئەو کردەوەیە لە لایەن بزووتنەوەوە بەڕێوەچووە. هەروەها قسەکانی سەید عومەری رانندە کە شاهیدی رووداوەکە بووە بەتەواوی ئەوەی دەسەلمێنێ. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدوای دڵنیا بوون لەو مەسەلەیە رۆژی 9ی خەزەڵوەری 1375ی هەتاوی (30 ئۆکتوبری 1996) لە راگەیاندراوێك دا

کە لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بەناوی "تەحویل‌درانەوەی 7 تێکۆشەری دێموکرات بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی", وێڕای ئاگادار کردنەوەی خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان, کۆڕو کۆمەڵە ئازادیخوازو بەشەردۆستەکان ئەو جینایەتەی مەحکووم کردو هاوکات داوا لە بزووتنەوەی ئیسلامی دەکا لە جیاتی لادان لە مەسەلەکەو پەردەپۆش کردنی ئەو کردەوە غەیرە ئینسانی‌و غەیرە ئیسلامی‌یە, بۆ ناساندنو بە سزاگەیاندنی عامیلانی ئەو تاوانە پڕشوورەیی‌یە هەنگاوی جیدی‌و بەکردەوە هەڵگرێو بەو کارە نیشان بدا کە ئەم کردەوە خەیانەتکارانەیە لە سیاسەتی ڕەسمی‌و بڕیاری ڕێبەرایەتیی ئەم ڕێکخراوە سەرچاوەی نەگرتوە.(1)

سێ ڕۆژ پاش ڕاگەیندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, ڕادیۆی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاگەیاندنێکی بەناوی ڕاگەیاندنی ناوەندیی بزووتنەوەی ئیسلامی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیاندنەدا بزووتنەوەی ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی بچێتە سەر ئەسڵی مەسەلەکە لە پێش دا باسی نەخش‌و کاریگەریی خۆیان لە کوردستانی عێراق سەبارەت بە ئاشتی‌و ئاسایش‌و هەروەها سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان کرد!و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەوە تاوانبار دەکا کە دژی ئیسلامە, بۆیە بزووتنەوەی ئیسلامی بەو کارە تاوانبار دەکا!و بەبێ‌هێنانەوەی هیچ چەشنە بەڵگەیەك لایەنی دیکە تاوانبار دەکا.(2)

هەر لەو پێوەندی‌یەدا, ڕۆژی 1375/8/18ی هەتاوی مەلا عەبدولغەنی تەها ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و نوێنەری ئەم ڕێکخراوە لە شاری هەولێر لە وتووێژێك دا لە ڕادیۆی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق سەبارەت بەو مەسەلەیە دواو دیسان بەبێ هیچ بەڵگەیەك ئەو تاوانەی خستە پاڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق‌و چۆنیەتیی گەڕانەوەو گرتنی ئەندامانی حیزب لە لایەن یەکیەتی‌یەوە دەگێڕێتەوە وەکوو ئەوەی کە خۆی یەکێك لەو حەوت کەسە بوو بێ. لە کۆتایی‌دا داوا لە حیزب دەکا لەو پێوەندی‌یەدا لێکۆڵینەوەی زیاتر بکاو بزانێ کێ لە ڕابردوودا بە نیسبەت ئەوان هەڵوێستی خراپی بووە. ئەو کارەش ئەوان کردوویانە!

دیارە قسەکانی مەلا عەبدولغەنی زۆرتر ئەوەی دەگەیەنێ کە ئاگای لە هیچ شتێك نەبووەو ئەو وتووێژەی تەنیا بە دژایەتی یەکیەتیی نیشتمانی بووە هەر بۆیە پەیتا پەیتا یەکیەتیی بەو کارە تاوانبار دەکاو ڕابردووی ئەو ڕێکخراوەیە باس دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێك دا, لەژێر ناوی "چەند قسەیەك لەسەر چەند قسەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی" لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بڵاوکردەوە کە دەقی وتارەکە لە ژمارەی 240ی کورستان بڵاوبۆتەوە. لەو وتارەدا بەوردی وەڵامی بزووتنەوەی ئیسلامی دراوەتەوەو دەڵێ: کاتێك بزووتنەوەی ئیسلامی تەنیا هێزی دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بووەو حیزبیش دەیان بەڵگەو سەنەدی هەیە کە ئەوان ئەو خەیانەتەیان کردوە, بۆ ناوی سازمان یا ڕێکخراوێکی دیکەی بەرێ.(3)

هەر لەو پەیوەندی‌یەدا, یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە لایەن بزووتنەوەوە ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵ ڕۆژی 1375/8/19ی هەتاوی لە ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستان لە وتارێك دا لەژێر

ناوی "وەڵامێکی سەرپێیی بۆ هەڵەق مەڵەقەکانی مەلا غەنی"دا ڕایگەیاند کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە نیەو.. . هتد.

چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕاگەیەندراوانە, پێوەندییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی لە ڕێگای پێوەندییەکانی حیزب لەو شارەدا داوا دەکا کە دەیانهەوێ لە ڕێگای وتوێژەوە ئەو مەسەلەیە تاو تۆ بکرێ. ئەو ڕۆژو سەعاتەی کە دیاریان کردبوو نەهاتبوونو چەند ڕۆژ دواتر بەبێ ئاگاداری سەردانی کومیتە شارستانی پاوە لە تانجەڕۆ دەکەن. لەو دانیشتنەدا لە کومیتە شارستانی پاوە مەنسوور فەتتاحی*, شاهۆ عەلەوی, نوشیروان فەتتاحیو مەهدی بەدری بەشدار دەبنو نوێنەری بزووتنەوەش خۆی بەناوی مەلا عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە دەناسێنێو چەند کەسی دیکەشی لەگەڵ بووە. لەو کۆبوونەوەیەدا, مەنسوور فەتتاحی بەرپرسی کومیتە شارستانی پاوە بە وردی لەسەر مەسەلەکە دەدوێو بۆ سەلماندنی ئەو کردەوەیە لەسەر بزووتنەوە هێندێك لە بەڵگەکانی باس دەکاو هێندێکشیان لەبەر ئەمنییەتی گیانی شاهیدەکان باس نەکردوە لە کۆتاییدا دەڵێ: ئەو کردەوەیە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بەڕێوەچووەو بەڵگەکانیش بە تەواوی ئەوەی دەسەلمێنن. ئێوە وەکوو بزووتنەوەی ئیسلامی ئەگەر حاشای لێدەکەنو دەڵێن ئەو کارەمان نەکردوە, بەمانای ئەوەیە کە چەکدارەکانتان بە سەرۆکایەتیی ئەنوەر عەنەبی سەربەخۆ ئەو خیانەتەیان کردوە, کەوابوو بۆ سڕینەوەی ئەو لەکە نەنگینە لەسەر ڕێکخراوەکەتان تاوانباران سزا بدەنو ڕای بگەیەنن کە ئەوە سیاسەتی بزووتنەوە نەبووە.

مەلا عەبدولڕەحمان لە وەڵام دا, سەرەتا باس لە بزووتنەوەی ئیسلامیو مێژووی ئەم ڕێکخراوەیە دەکاو, لە قەسەکانیشی دا وا دەردەکەوێ هیچ وەڵامێکی پێنیەو تەنیا حیکایەتێکی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامی گێڕاوەتەوە, کە گۆیا لەو سەردەمانەدا کابرایەکی موسوڵمان ڕیشێکی زۆری هێشتۆتەوەو هەموو ڕۆژێك لە تەنیشت موسوڵمانەکانی دیکە لە مزگەوت دا نوێژی کردوە, ئەو کابرایە لە ژێرەوە خەیانەتی بە ئیسلام کردوە کە لەو سەردەمەدا بەو کەسانەیان وتوە مونافیق. مەلا عەبدولڕەحمان وتوویەتی ئێمە ناڵێین کە بزووتنەوەکەمان هەموو پاكو بێعەیبن لەوانەیە کەسانێکی مونافیق بۆ لەکەدار کردنی بزووتنەوەکەمان ئەو کارەیان کردبێ. مەنسوور فەتتاحی لەوەڵامی ئەو قسەیەی ناوبراودا دەڵێ: قسەی ئێمەش ئەوەیە کە ئەو مونافیقە ئەو خەیانەتەی خستۆتە پاڵ بزووتنەوە سزای بدەنو ڕای بگەیەنن تا ئەو لەکە نەنگینە لەسەر ئێوە لابچێ بەڵام ئەگەر بێدەنگیی لێبکەن بە نیشانەی ئەوەیە کە ئەنوەر عەنەبی بە دەستووری ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو کارەی کردوە. ئەو دانیشتنە دوای سەعاتونیوێك کۆتایی دێو نوێنەری بزووتنەوە داوای دانیشتنی دیکەی دەکاو لە لایەن کومیتەی شارستانی پاوەوە مەوافیقەتی لەسەر دەکرێ بەڵام لەسەر داواکەی خۆیان نەمانەوەو ئەوە یەکەم جارو دواجار دەبێ کە دانیشتنێك لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامیو کومیتەی شارستانی پاوە پێك دێ.

دەربازبوونی داریووش‌و

سەرشۆڕی بۆ کۆماری ئیسلامی

چەند رۆژ بەدوای تەحویل درانەوەی ئەندامانی حیزب, کەسێك بە ناوی عەدنان کە خوشکەزای داریووش (یەکێك لە ئەندامانی تەحویل دراو) سەردانی کومیتە شارستانی پاوەی دەکاو دەڵێ بیستوومە خاڵم تەحویلی ئێران دراوەتەوە. بەدوای بیستنی جەریانەکە ناوبراو دەڵێ من چەکداری بزووتنەوەم‌و لەو بڕوایەدانیم کە بزووتنەوە ئەو کارەی کردبێ. هێندێك بەڵگەی بۆ دێننەوە, لە دوایی دا دەڵێ ئەگەر بزووتنەوە ئەو کارەی کردبێ چەك دادەنێم‌و تۆڵەی خاڵم دەستێنم. عەدنان دەچێ بۆ هەڵەبجە تا لێکۆڵینەوە بکاو دڵنیا بێ کە بزووتنەوە ئەو کارەی کردوە. رۆژی دواتر دەگەڕێتەوەو دەڵێ بەڵێ دڵنیا بووم کە بزووتنەوەی ئیسلامیی عێراق ئەو خەیانەتەی کردوە.

عەدنان دانیشتووی کوردستانی عێراق بوو, ماوەیەك داوی ئەو جەریانە, پێوەندیی بە یەکێك لە بنکەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق دەگرێ‌و لە وەزعی خاڵی داریووش دەپرسێ‌و دەڵێ ئامادەیە هاوکاری‌یان بکا, بەمەرجێك خاڵی ئازاد کەن. دیارە دواتر کومیتە شارستانی پاوەی لەو پێوەندی‌یە ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ من نامەوێ خەیانەت بکەم تەنیا دەمەوێ کڵاویان لەسەر نێم‌و خاڵم ئازاد کەم. لە کومیتە شارستان دا, قسەی زۆری لەگەڵ دەکرێ بەنیسبەت زۆر شت ئاگادارو وشیار کراوەتەوە تا لە داهاتوو دا تووشی هەڵە نەبێ. دواتر لە یەکێك لە پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ ئیتلاعات دا لەسەر سنووری نەوسوود, داریووشی پێ‌نیشان دەدەن‌و کورتە ملاقاتێکی دەکاو لە وەزع‌و حاڵی دەپرسێ. لەو ملاقاتەدا, کەسێك بە ناوی "محمدی" بە عەدنان دەڵێ ئەگەر بتوانی هاوکاریمان بکەی خاڵت بەردەدەین. عەدنان لە چۆنیەتیی هاوکاری کردنەکە پرسیار دەکاو لە وەڵام دا "محمدی" دەڵێ تیرۆری یەکێك لە ئەندامانی کومیتە شارستانی پاوە یا کادرێکی ئەو کومیتەیە یەکەم هاوکاریی تۆیە. عەدنان رازی دەبێ‌و دیارە "محمدی" بە عەدنان دەڵێ, ئێمە کڵاومان ناچێتە سەر, ئەگەر تۆ کارێکی وا بکەی دەبێ رادیۆی حیزب هەواڵی ئەو تیرۆرە بڵاوبکاتەوە, تا راست‌و درووستی‌یەکەی دەربکەوێ.

لە گەڕانەوەدا, عەدنان سەردانی کومیتەی پاوە دەکاو ئاگاداری ئەو دانیشتنەی‌و چۆنیەتیی باسەکانی کردوە داوای لە کومیتە شارستانی پاوە دەکا لەو پێوەندی‌یەدا, هاوکاریی بکەن تابتوانێ خاڵی ئازاد بکا. چوارچێوەی داواکەی عەدنان لە کومیتەی پاوە ئەوبوو, کە لە رادیۆ دەنگی کوردستان بە درۆ هەواڵی تیرۆری یەکێك لە ئەندامانی کومیتە بڵاو بکرێتەوە تا عەدنان ئەو تیرۆرە وەئەستۆ بگرێ‌و داریووش ئازاد بکا. مەنسوور فەتتاحی لە وەڵام دا دەڵێ: کاری وا هەرگیز جێ‌بەجێ نابێ, لەبەر ئەوەی رادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەی تێکۆشانی خۆی دا, تا ئێستا هەواڵی بەدرۆی بڵاونەکردۆتەوەو ئیعتیبارێکی زۆری وەدەست هێناوە تەنانەت رێژیم زۆر جار بۆ وەدەست هێنانی هەواڵی راست‌و دروست پەنای بۆ رادیۆ دەنگی کوردستان بردوە. جیا لەوە

هەواڵێکی ئاوا رەنگە بنەماڵەیك تووشی ناراحەتیو دانانی پرسەو سەرەخۆشی بکاو ئەگەر لە داهاتوودا, بۆیان دەربکەوێ کە ئەو هەواڵە درۆ بووە, شوێنەواری خراپ لەسەر رادیۆ دەنگی کوردستان دادەنێو ئیعتیباری خۆی لەدەس دەدا.

چەند رۆژ دواتر سەر لە بەیانیی واتە 18ی خەزەڵوەری 1375ی هەتاوی یەکێك لە ئەندامانی. . .سەردانی کومیتە شارستانی پاوە دەکاو دوای ئەحواڵپرسی دەڵێ من وەکوو دۆستێکی حیزب هاتووم کە ئاگادارتان بکەمەوە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە ئاڵۆزیەکانی کوردستانی عێراق هێرش بکاتە سەرتانو زەبرێکی قورستان لێ بدا. هەر بۆیە ئاگاتان لە خۆتان بێو ئێمە لەو پێوەندیە دا هیچ چەشنە دەسەڵاتێکمان نیە. هەر ئەو رۆژە لە کومیتەدا وا ساغ دەبنەوە دەفتەری سیاسی لەو پێوەندیەدا ئاگادار بکەنەوە. هەر بۆیە مەنسوور فەتتاحیو مەهدی بەدری سەردانی دەفتەر دەکەن لەو کاتەدا مامۆستا عەبدوڵلاحەسەنزادە لە سەفەری دەرەوەی وڵات دەبێ هەر بۆیە سەردانی کاك مستەفا هیجری دەکەنو لە مەسەلەکەی ئاگادار دەکەن. ئەویش دەڵێ تەنیا کارێك کە لە دەسمان دێ ئەوەیە ئاگامان لە خۆمان بێو پیلانەکانی رێژیم پووچەڵ بکەینەوە. هەر ئەو رۆژە بەرەو تانجەرۆ دەگەرێنەوەو لەگەڵ کومیتە شارستانی بانە(*) هێزەکانیان سازمان دەدەن, چەندین کەمینو گەشتی شەوانەو پایگای نوێ دادەنێن, سەعات 10ی شەو تەقە لە یەکێك لە پایەگاکان دەکرێ, دەست بەجێ لە هەموو لایەك وەڵامی ئەو تەقەیە درایەوە بەڵام بەداخەوە لەو دەرگیریەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی حامید سەلیمی شەهید بوو.

چەند رۆژ دوای ئەو جەریانە عەدنان سەردانی کومیتە شارستانی پاوەی کردو دوای ئەحواڵپرسی سوپاسی کاك مەنسووری دەکاو دەڵێ پێم وانەبوو کە ئێوە هاوکاریم بکەنو داواکەم جێبەجێ کەن. پرسیاری لێدەکەن جەریان چیەو لەسەرچی قسە دەکەی, دەڵێ ئەوە نیە ئێوە داواکەی منتان جێبەجی کردووەو لە رادیۆ بڵاوتان کردۆتەوە پێشمەرگەیەك تیرۆر کراوە. عەدنان پێی وابوو کە بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی حامید سەلیمی لە رادیۆ دەنگی کوردستان لەبەر داواکەی ئەو بووە. دیارە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە دەکرێتەوەو پێی دەوترێ کە بەداخەوە ناوبراو لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دا شەهید بووە. بەڵام تازە ئەو شتە رووی داوە تۆ دەتوانی برۆی بە "محمدی" بڵێی کە تۆ ئەو کارەت کردوە. بەدوای ماوەیەك عەدنان دەبێتە جێگای متمانەی ئیتلاعاتو لەو فکرەدان کە کاری گەورەتری پێبکەن, هەر بۆیە پێی رادەگەینن بەمەرجێك داریووش ئازاد دەکەین لە داهاتوودا, هاوکاریمان بکا. هەر بۆیە کەسو کاری داریووش لە ئێران دا بانگ دەکەنو داوای گەرانەوەی ژنو منداڵەکەی دەکەن تا ئازادی کەن. چەند رۆژ دواتر خوشکی داریووش سەردانی تانجەرۆ دەکاو داوا لە ژنو منداڵەکەی داریووش دەکا بگەرێنەوە بۆ ئێران, تا داریووش ئازاد بکرێ, بەڵام ئەوان لە چۆنییەتیی ئازاد بوونو بەرنامەکانیئیتلاعات ئاگادار نابن. هەر بۆیە خێزانی داریووش لەگەڵ خوشکی داریووش دەگەرێنەوە بۆ ئێران. دیارە کومیتە شارستان ئاگاداری نەخشەو پیلانەکانی ئیتلاعاتی رێژیم دەبن.

بەدوای چوونەوەی خێزانی داریووش بۆ ئێران دا عەدنان چەند جارێکی دیکە لەگەڵ ئیتلاعاتی شاری پاوە ملاقات دەکاو بەو شێوەیە کە دواتر عەدنان بۆ کومیتە شارستانی پاوە دەگێڕێتەوە, ئیتلاعات لە فکری بەرێوەبردنی کردەوەیەکی تیرۆریستی بەهۆی داریووشو عەدنان دەبێ. غافڵ لەوەی کە حیزب ئاگاداری هەموو شتێکە. دیارە لەو ماوەیەدا هەڕەشە لە عەدنان دەکەنو پێی دەڵێن تۆ ناتوانی کڵومان لەسەر نێیو درۆمان لەگەڵ بکەی, لەهەر شوێنێك بی دەتکوژین. هەر لەو رۆژانەدا شەوێك عەدنان نامەیەکی داریووش بۆ کاك مەنسوور دەنێرێ کە بەو شێوەیە لەو نامەیەدا نووسرا بوو. داریووشیان تەحویلی عەدنان دابووو داوای لە کاك مەنسوور کردبوو تا بەهەر شێوەیەك بووە سەردانی کومیتە بکا. کاك مەنسوور لە وەڵامدا بۆی دەنووسێ جارێ پەلە مەکە تا رۆژ دەبێتەوە. لەگەڵ رووناك بوونی هەوا عەدنان داریووش دێنێ بۆ کومیتەو هەر ئەو کاتەش لەسەر ئەرکەکانی کە ئیتلاعات پێی سپاردبوون تا لەگەڵ داریووش بەڕێوەی بەرن کومیتە ئاگادار دەکاتەوە. بە پێی قسەکانی عەدنان, ئیتلاعات داریووش دێنێتە سلێمانی بۆ ماڵی عەدنانو تەحویلی ئەوی دەداو تەنانەت مەئمووریيەتەکەی بە عەدنان دەدەنو دەڵێن مەسئوولییەتی داریووش بە تۆیەو ئێمە بڕوای پێناکەین. یەکەم کاریشیان تیرۆری بەرپرسی کومیتەی شارستانی پاوە یا یەکێك لە ئەندامانی کومیتەی شارستانە, ئەگەر ئەوەیان پێنەکرا برازیلی‌یەکی بۆمب رێژکراو تەحویلی عەدنان دەدەنو تا لە بەردەم مقەڕی کومیتەی شارستان دا, بتەقێنێتەوەو زیانێکی گیانیو ماڵیی قورس وە کومیتەی شارستانی پاوە بکەوێ. لە کومیتەی شارستانی پاوە بە عەدنان دەڵێن کە بڕواو برازیلی‌یەکە وەرگرێو بیهێنێ تا بۆمبەکەی خونسا بکەنەوە. بەڵام عەدنان بەجێی ئەوەی برازیلی‌یەکە وەرگرێ لە ترسی هەڕەشەکانی ئیتلاعات راست دەڕوا بۆ کۆیەو خۆی بە حیزب دەناسێنێ. دیارە هەر ئەو رۆژە بە هاوکاریو هەماهەنگیی کومیتەی شارستانی بانەو کومیتەکانی بازیان داریووش بۆ کۆیە بەڕێ دەکەنو ئیتلاعاتی ئێرانیش لەو رێگایەدا تووشی شکستێکی گەورە دەبێ. کە لەو پێوەندی‌یەدا زەحمەتەکانی عەدنان لەبەرچاو بووە.

گێڕانەوەی راستی‌یەکان بەهۆی

"داریوش اسلامدوست"

بەدوای دەربازبوونی داریووشو گەڕانەوەی بۆ نێو ریزەکانی حیزب, لەسەر چۆنییەتی تەحویل درانەوەیان بە کۆماری ئیسلامییو دەربازبوونی لە زیندانەکانی رێژیم, بە وردی ئاگادار بووین لەم بەشەدا قسەکانی داریووش لەو پێوەندی‌یەدا, بڵاو دەکەینەوە. دیارە بەشێك لەو قسانە وەك

وتوویژ لە ژمارەکانی 276ی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوبووەتەوەو بەشێکی دیکەش وتوویژێك بوو, کە لە ئاڕشیوی حیزب وەرگیراوە.

بەشی یەکەمی وتویژی داریووش ئیسلامدوست کە لە ژمارەی 279ی کوردستان رەزبەری 1378 دا بڵاوکراوەتە.

پرسیار: بەرێز کاك داریووش! سێسالْ لەمەوبەر جەنابتو 6هاورێی دیکەت, لە هەڵەبجە گیرانو تەحویلی کۆماری ئیسلامی درانەوە. تکایە روونی بکەنەوە ئێوە چۆن گیرانو تەحویل درانەوە؟

وەڵام: زۆر سوپاسی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەمان دەکەم کە لە سێهەمین ساڵرۆژی ئەو تاوانە گەورەیە کە دەرحەق بە منو چەند هاورێی دیکەم ئەنجام درا, بەسەریان کردمەوە تا لە چەندو چوونی ئەو تاوانە وەحشەتناکە چەند قسەیەك بۆ خوێنەرانی "کوردستان"ی خۆشەویست بکەم.

ئێمە تیمێکی 7 کەسی لە تێکۆشەرانی حیزبیی, کومیتە شارستانی پاوە بووین. شەوی 1375/7/27ی هەتاوی لە کاتی گەڕانەوەمان لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران لە گوندی "هاوار"ەوە بە ماشێنێکی شەخسی بەرەو هەڵەبجە بەڕێ کەوتین, نزیکەی سەعاتی 8ی شەو بوو لە نزیك گوندی "عەنەب" جەماعەتێکی چەکدار پێشی ئێمەیان گرتو داوای کارتی شناسایی‌یان لە ئێمە کرد. ئێمەش دەسبەجێ داوامان لەوان کرد کە خۆیان بناسێنن. هەم شۆفیری ماشێنەکە ئەوانی دەناسیو گوتی ئەفرادی بزووتنەوەی ئیسلامین, هەم خۆشیان گوتیان جەماعەتی بزووتنەوەی ئیسلامین. ئێمەش داوای هاوکاریمان لەوان کرد کە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوەمان بۆ بنکەکانی خۆمان. ئەوانیش قەولی هاوکاری‌یان پێدایەو ئینجا بە شۆفیری ماشێنەکەیان گوت کە ئەمانە میوانی ئێمەنو پێویست ناکا تۆ لە سەریان راوەستیو دەتوانی بڕۆی. سەعاتی 1ی شەو بوو کە نەفەرێکیان هاتە لامانو خۆی بە "عەلی گوڵپی" پێشمەرگەی ینك بە ئێمە ناساندو گوتی بەیانی ئێمە هاوکاریتان دەکەینو بەرەو بنکەکانی خۆتان بەڕێتان دەکەین. بەڵام ئێمە لەو کردەوەیان نیگەران بووین, چونکە تا ئەو کات نەیان دەشاردەوە کە جەماعەتی بزووتنەوەن. سەعاتی 4ی بەیانی بوو کە دەستو لاقو چاویان بەستینو فڕێیان داینە نێو ماشێنو ئاگامان لە خۆمان نەبوو کە بەرەو کوێ دەمانبەن تاکوو لە پاوە لەبەر دەستی سپای پاسداران خۆمان بینییەوە.

پرسیار: رێبەرانو بەرپرسانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەدوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە پڕ شوورەیی‌یەدا هەوڵیان دا تاوانەکە لەسەر خۆیان لابەرنو گوتیان یەکیەتیی نیشتمانی ئێوەی تەحویل داوەتەوە. چ وەڵامێکت هەیە بۆ ئەم ئیدیعایەی رێکخراوی ناوبراو؟

وەڵام: ئەمن بۆخۆم یەکێك لەو 7 کەسە بووم کە تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران دراینەوە. بەراشکاوی بە هەموو رێکخراوە سیاسی‌یەکانی جیهانو کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رادەگەیەنم کە ئەو خەیانەتە گەورەیە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە

دەرحەق بە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کراوەو هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی لەو مەسەلەیەدا دەستیان نەبووە. چونکە جگە لەوەی شۆفیری ماشێنەکە, ئەوانی دەناسیو ئەوانیش شۆفیرەکەیان دەناسی, پێشتریش هەواڵمان هەبوو کە هەڵەبجە جگە لە چەکداری ئەو ڕێکخراوە, چەکداری هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی لێ نیە. پاشان بەهەموو نیشانەو هەڵسو کەوتیان ڕا دیار بوو کە ئەوان سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامین. پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانیی بەهۆی وەزعی تایبەتیی ئەو کاتی ناوچەکە, هەر لەوێ نەبوون.

پرسیار: ئایا کاتێ ئێوە بەرەو هەڵەبجە دەگەڕانەوە, هیچ بە خەیاڵتان دا هات, ڕێکخراوێکی سیاسی کە ئیدیعای کوردایەتیو ئیسلامەتی دەکا, کۆمەڵێك میوان قۆڵبەست بکاو بۆ هێندێك پووڵو پارە, تەحویلی ڕێژیمێکی دژ بە کوردو خوێنڕژی وەك کۆماری ئیسلامیتان بداتەوە؟

وەڵام: ئێمە تەنیا شتێك کە بەخەیاڵمان دا نەهاتبوو ئەوە بوو کە شتێکی ئاوا بکرێ, چاوەڕوانیمان لە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوو کە بۆ هێندێك پووڵو پارەو بۆ هێندێك قەولی کۆماری ئیسلامی حازربێ کەسانێك لە نەتەوەکەی خۆی کە سەر بە حیزبێکی سیاسیو شۆڕشگێڕن تەحویلی ئەو ڕێژیمە بداتەوە.

پرسیار: لەو ماوەیەدا کە وێڕای 6 هاورێیەکەت لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابووی, چۆن لەگەڵ خۆتو ئەوان ڕەفتار کرا؟ ئازارو ئەشکەنجەدران؟

وەڵام: سەبارەت بە ئەشکەنجە کردن دەبێ بڵێم هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە لەژێر دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجەو ئازاردا بووینو بەشێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجە کراوین کە من بۆ خۆم شەرم لە گێڕانەوەیان دەکەم.

پرسیار: جەنابت شاهیدێکی ئازادو زیندووی تاوانو پیلانێکی ئینسانفرۆشانی چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دژی خۆتو هاورێیانتی. سەبارەت بەو تاوانە پڕشوورەیی‌یەو سەبارەت بە چارەنووسی هاورێیانت, چ پەیامێکت بۆ خەڵکی کوردستان, بۆ کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانو بیروڕای گشتی دنیا هەیە؟

وەڵام: ئەو تاوانەی کە دەرحەق بە منو ئەو 6 هاورێیە کرا تاوانێکی زۆر سامناکو لە عەینی حاڵیش دا بێبەزەیی‌یانە بوو, چونکە ئێمە بە کۆمەڵێ ئاواتو ئارەزووەوە لە هەورامان گەڕابووینەوەو دەمانویست بڕۆینەوە بۆ نێو کۆڕی هاوڕێیانو ماڵو منداڵمان. بەداخەوە کەوتینە ناو بۆسەی ناجوانمێرانەو پیلانێکی شەرم هێنەری دوو قۆڵیی نێوان بزووتنەوی ئیسلامیو ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران, کە بۆ ئێمە تەنیا شتێك بوو کە بە میشکمان دا نەهاتبووو قەت چاوەڕێی کردەوەیەکی ئاوا لە شوێنێکی وەك ئەوێ نەبووین. کردەوەیەك کە دژی هەر چەشنە یاساو ڕەوشتێکی ئینسانیو مافی مۆرڤو ئەخلاقی سیاسیو هەروەها دژی هەموو چەشنە یاسایەکی شەرعی بوو. بۆیە داوام لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتیو کوردستانی ئێران بەتایبەتی ئەوەیە کە جارێکیتر ئەو پیلانەو کردەوە دژی ئینسانی‌یە مەحکووم بکەنو هەوڵو

تواناكانیان بەهەر شێوەیەك ئیمكانی هەبێ بخەنە گەڕو فشار بۆ جمهوری ئیسلامی بێنن تا لانیکەم شوێنی ئەم 6 هاورێیەی دیکەم بۆ خزمو کەسو کاریان ئاشکرا بکاو مەجالی ملاقاتیان بۆ فەراهەم بکا.

هەروەها داوام لە کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو حیزبە سیاسیو ئێرانیو کوردستانییەکان ئەوەیە کە بۆ جارێکیتر ئەو کردەوەیە مەحکووم بکەنو دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پێکەوە فشار بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنن تا بەڵکوو ئەو 6 هاورێیەی دیکەم لە مەرگ نەجاتیان بێو ئیزنی کەسو کاریان بدەن کە چاویان پێیان بکەوێ.

پرسیار: بەبڕوای جەنابت، بزووتنەوەی ئیسلامی بۆچی ئامادە نەبوو عامیلانی گرتنو تەحویلدانەوەی ئێوە، سزا بداو بەمجۆرە بەرپرسایەتیی تاوانەکە لەسەر خۆی لاببا؟ ئەوانەی ئێوەیان گرتو تەحویلیان دانەوە، ئێستا چ کارەن، ئەگەر بیان بینی دەیان ناسییەوە؟

وەڵام: بە نەزەری من لەبەر دوو هۆی سەرەکی بزووتنەوە عامیلانی ئەو کردەوە دزێوەی سزا نەدا:

یەکەم، ئەوە کە عامیلی ئەساسیی پیلانەکە رێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ خۆی بوو، بۆیە ئەگەر هاتبانو عامیلەکانیان سزا دابان دەبوو لە سەرەوەی هەموویان رێبەری بزووتنەوەیان سزا دابا.

دووهەم، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لایەك بۆخۆی لە ناوچەکەدا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابوو، ئێران هەموو کردەوەیەکی دژی نەتەوایەتیی پێدەکردنو لە لایەکی دیکەشەوە وەزعی ئەو دەمی کوردستانی عێراق گەلێك ئاڵۆز بووو کۆماری ئیسلامی بەهۆی نەچوونە ژێرباری بزووتنەوەی ئیسلامیو تاوانبار کردنی ینك بەو تاوانە، دەیانهەویست لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان، شەڕو دووبەرەکی درووست بکەن کە ئەویش تەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووو بەس.

بەنیسبەت ئەوانەی ئێمەیان ئەودەم دەسگیر کردو تەحویلیان داینەوە دەبێ بڵێم نازانم ئێستا لە نێو بزووتنەوەدا چ کارەن، بەڵام ئەگەر بیان بینم زۆر چاك دەتوانم بیانناسمەوە.

لەبەشی دووهەمی قسەکانی داریووش کە لە ئارشیوی حیزب وەرگیراوە، ناوبراو چۆنیەتی دەرباز بوونی دەگێرێتەوە. ".. . بەدوای ئەوەی کە بە بێحوورمەتییەکی زۆرەوە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، تەحویلی کۆماری ئیسلامی ئێران دراینەوە، ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆریان کردین، کە بەشێك لەو ئازارانە شوێنەواریان لەسەر لەشم هەرماوە. هەموو رۆژێك دەهاتنو لە منیان دەپرسیو داوای زانیارییان دەکرد. وەڵامی هەر پرسیارێك ئەگەر هەڵە بوایە لێیان دەدام. من کە تەحەموولی ئەو ئەشکەنجەو ئازارانەم نەمابوو تەنیا لەبەر ئەوەی بەشێوەیەك خۆم دەرباز کەم، وتم ئامادەم هاوکاریتان بکەم. ئەوانیش دیارە من چاوم بەسترابوو، تەنیا دەزانم کە هەموویان بە ناوی حاجی یەکتریان بانگ دەکرد. وتیان زۆر باشە تۆ دەبێ یەکێکمان پێبناسێنی

(لە کوردستانی عێراق) تا لە رێگەی ئەوەوە هاوکاریمان بکەی. منیش خوشکەزایەکەم کە دانیشتووی عێراق بوو, بەناوی عەدنان پێم ناساندن. دوای پێنج رۆژ خوشکمیان بانگ کردو وتیان عەدنانمان بۆ ئاگادار بکەوە. تەنانەت ئەویش‌یان وت ئەگەر عەدنان هاوکاریمان نەکا داریووش دەکوژین. دیارە من نازانم چ کارێکیان بۆ دیاری کردبوو.

دوای حەوت رۆژ وتیان خۆت ئامادەکە بۆ شوێنێکت دەبەین. دەستێك لیباسیان پێدام, لەبەرم کرد. چاویان بەستمو هێنامیان بۆ نەوسوود. لەوێ کەسێك بە ناوی "محمدی" کە مۆرەی ئیتلاعات بوو وتی قەرارە چەند کەسێك تۆ ببینن حەقی قسە کردنت نیە, ئەگەر هاتو قسەیان لەگەڵ کردی دەبێ بە فارسی قسە بکەی, دوای ماوەیەك خوشکم هاتو ئاگاداریان کرد کە دەبێ بڕۆی بۆ سلێمانیو عەدنان ببینی. رۆژی دواتر سەعات 8ی بەیانی منیان هێناوەو وتیان عەدنان دێتە ئێرەو دەبێ بە فارسی قسەی لەگەڵ کەیو پێی بڵێی کە ئەگەر هاوکاری نەکەی من لە بەین دەچم. وتم فارسی نازانێ, وتیان تێدەگا تۆ کارت نەبێ. دواتر "محمدی" عەدنانی هێناو منیش ئەو شتانەی قەرار بوو بیڵێم پێم وت. عەدنان حاجی بانگ کردو نازانم چیان بە یەك وت, بەڵام عەدنان گەڕایەوەو وتی خاڵۆ لە لایەن منەوە ئاسوودەبەو بزانە ئازاد کراوی. بەدوای ئەو چاوپێکەوتنە منیان هێنایەوە بۆ ئیتلاعاتی پاوەو هەر وەکوو پێشوو ئەشکەنجەو ئازارو پرسینەوە کە هەموو رۆژێك بەردەوام بوو. رۆژێك‌یان ناوی نەفەرێکی تەشکیلاتی‌یان لێ‌پرسیم وتم نایناسم, لێیان دامو دەفتەرێك کە کاتی دابەزین لە سەیارەکەی سەید عومەر پێم دابوو رای گرێو بە هەرشێوەیەك کە بووە بۆ هاوڕێیانم بەرێ بکا خستیانە بەردەممو وتیان ئەمە چیە.*

دوای دوو مانگ, دیارە لەو ماوەیەدا, چەندجار خوشکم هاتوە بۆلامو یەکترمان دیوە. منیان بردە شاری سەرپێڵی زەهاو, لەوێ کەسێك بەناوی جەلال (پێشتر لە ئیتلاعاتی پاوە کاری کردوە) هاتە لامو وتی دایکت دێت بۆ لات دەبێ بەدایکت بڵێی ئەگەر منداڵەکانم نەگەڕێنەوە بۆ ئێران دەمکوژن. دواتر دایکمو خوشکم هاتنو منیش وتم ئازاد بوونی من بەستراوەتەوە بە هاتنەوەی منداڵەکان, دایکم وتی ئەگەر حاجی جەلال بەڵێنیم پێدەدا ئازادت بکا, بەهەر شێوەیەك کە بووە منداڵەکان دێنمەوە. چەند رۆژ دواتر دیارە دەزانم رۆژی شەممە بوو, دەستێك لیباسیان بۆ هێنامو وتیان لەبەری کە. بردمیانە دیوێكو چاویان کردمەوە, منداڵەکانم لەوێ بوون. نەیانهێشت قسەیان لەگەڵ بکەم, هەر لەوێ هێندێك پرسیاریان لە خێزانم کرد کە سەبارەت بە تەقە لە تانجەڕۆو شەهید بوونی حامید سەلیمی بوو لەگەڵ هێندێك پرسیاری دیکە. دوای چارەکە سەعاتێك ئێمەیان لەیەك جیاکردەوەو رۆژی یەك‌شەممە سەر لە بەیانی تەنیا دەستیان بەستمو چاویان کردمەوەو خستمیانە نێو ماشێنێك دوای ماوەیەك گەیشتینە شارێك وتیان دەزانی کوێیە؟ وتم نازانم, وتیان قەسری شیرینە, دوای نان خواردن دیسان چاویان بەستمو نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆین تا دوای ماوەیەکی دیکە دەستو چاویان کردمەوە, چاوم لە دەورووبەر کرد بۆم دەرکەوت کوردستانی عێراقە, زۆر ترسام, لەو کاتەدا پێموابوو دەمبەنەلای مقەرەکانی حیزب لە تانجەڕۆو تەقەیەك دروست دەکەنو من دەکوژنو فرێم دەدەن. هەر بۆیە کەوتمە فکری خۆدەربازکردن. زۆری پێ‌نەچوو گەیشتینە شاری سلێمانیو چووینە گەڕەکی ڕزگاری لەوێ چووینە ماڵێكو ماشێنەکەیان

گۆڕی به لەیلا عەلەوی هەر لەوێ ناوی منیان گۆڕیو وتیان ناوت عوسمان هاشمی خەڵکی بانەیو هەڕەشەیان لێکردم کە بە هیچ شێوەیەك نابێ بە هیچ کەس بڵێی داریووشی. دواتر منیان بردە دیوێك دیتم عەدنان لەوێیە, بە عەدنانیان وت داریووشمان هێناوە بەڵام بڕوامان پێی نیەو تەحویلی تۆی دەدەین‌و دەبێ لە پێش دا, لە ماوەی 24 سەعات مەنسوور فەتتاحی بەرپرسی کومیتە شارستانی پاوە بکوژن. عەدنان وتی 24 سەعات زۆر کەمە, هەر بۆیە کردیانە 48 سەعات. باسی ئەوەیش کرا کە برازیلی‌یەکی سپی رۆژی دواتر لە ژێر پردی سلێمانی تەحویلتان دەدەین. سواری لانکرۆزێرێکی سپی‌یان کردین‌و لە دەرکی ماڵی عەدنان دایان بەزاندین‌و رۆیشتن. لەو کاتەدا, لەو بڕوایەدابووم بەهەر شێوەیەك بووە, عەدنان بگرم‌و تەحویلی حیزبی بدەم. لە ماڵی عەدنان کە دانیشتین وتی خاڵۆ بە هیچ شێوەیەك نابێ بیری خراپ لە سەرت دابێت‌و کاری خراپ بکەی, من تا ئێستا هەر کارێکم کردوە کاك مەنسوورم ئاگادار کردۆتەوەو حامیدیش من شەهیدم نەکردوە. دوای ئەوە کە لە عەدنان دڵنیا بووم, هەستام‌و دەستم کردە ملی‌و ماچم کرد. هەر ئەو شەوە نامەیەکم بۆ کاك مەنسوور نووسی‌و بۆم بەڕێ کرد کە من لە ماڵی عەدنانم‌و دەمەوێ بێم بۆ لاتان‌و بەیانی سەعاتی 6/5 بە هەماهەنگی یەکتری هاتمە لای هاورێیانم.

## ئەهدافی کۆماری ئیسلامی

ئەهدافی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو کردەوەیەدا, لە سیاسەتەکانی ئەو رێژیمە دەرحەق بە گەلی کورد سەرچاوە دەگرێ, هەر بۆیە دەبێ ئاورێك لە ڕابردوو بدەینەوەو سیاسەتەکانی ئەم رێژیمە لە بەرامبەر مەسەلەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بخەینە بەر باس. هەروەك دەزانن کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران‌و عێراق‌و تورکیەو سوریە دابەش کراوە. ئەگەر ئاورێك لە مێژووی گەلی کورد بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ, حکوومەتی ئەو وڵاتانە قەد دۆستی کورد نەبوون‌و دژی قازانج‌و بەرژەوەندیی‌یەکانی ئەم گەلە هەنگاویان هەڵگرتوە. تەنانەت ئەگەریش بە زاهیر پشتیوانی‌یان لە کوردی پارچەیەکی دیکە کردوە. قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان بووە. شۆڕشی کوردستانی عێراق لەساڵەکانی 1975 بوو بە قوربانی سات‌و سەوداکانی رێژیمی پاشایەتی‌و رێژیمی عێراق‌و بە بەستنی پەیماننامەی ئەلجەزایر تووشی ئەو شکستە گەورەیە بوو. تەنانەت بەدوای ئاڵوگۆڕ بەسەر حکوومەتەکانیش ئەو

سیاسەتە دواکەوتوانەی وڵاتانی حاکم بەسەر کورد, نەگۆڕدراوەو دژی هەر چەشنە داخوازێکی ئەم نەتەوەیە لە هەر پارچەیەکی کوردستان راوەستاونو بە توندترین شێوە وەڵامی داخوازەکانیان داوەتەوە.

کۆماری ئیسلامی ساڵی 1357ی هەتاوی بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی رێژیمی پاشایەتی هاتە سەرکارو ئیستا کە 25 ساڵ بەسەر دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە تێپەڕ بووە, هیچ چەشنە هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵنەگرتوە. ئەوە لە حالێك دایە کە مەبەست لە پێك هێنانی شۆڕش, پێك هێنانی ئاڵوگۆر لە نیزامێکی کۆنو دواکەوتوو بۆ نیزامێکی نوێو پێشکەوتووترە, تا پێشگیری لە زوڵمو زۆرو جیاوازی بگیرێ. بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی 25 ساڵەی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم رێژیمە سەبارەت بە کێشەی کورد سیاسەتی هەروەك ریژیمی پێشوو بووەو تەنانەت لە هێندێك بواریشدا بگرە توندوتیژتریش بووە. قەڵاچۆکردنی گوندەکان, بۆمبارانی شارەکان, ئیعدام, زیندانو تەبعیدو.. .هتد وەڵامەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر داخوازە رەواکانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەیی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1324ی هەتاوی دامەزراوە, ئەم حیزبە هەم لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی‌داو هەم لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا, وەك حیزبێك کە لە نێو دڵی خەڵکی کوردستانی ئێران دا جێی خۆی کردوەتەوە, بە پشتیوانی ئەم خەڵکە توانیویەتی بۆ وەدەست هێنانی سەرەتایی‌ترین مافی نەتەوایەتی هەنگاو هەڵگرێ, لەو رێگایەدا هەزاران رۆڵەی ئەم گەلە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیانی خۆیان بەختی ئامانجەکانیان کردوە کە سەر قافڵەی هەموو شەهیدەکان پێشەوا قازی محەممەد, دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو دوکتور سادق شەڕەفکەندی بوون کە دوو کەسی دوایی بە شێوەیەکی زۆر ناجوانمێرانەلە لایەن تیرۆریستانی ئەو رێژیمە شەهید کراون. ئەم رێژیمە بۆ لاوازکردنی جووڵانەوەی گەلی کورد دەستی داوەتە هەموو جۆرە کردەوەیەك, لە ئێعدامو تیرۆری خەباتخوازان بگرە تا دەگاتە قەڵاچۆکۆدنو هێرشی فەرهەنگیو بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەدیرو ئالوودە کردنی گەلی کورد بەو بەڵا ماڵوێران کەرە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت سنوورەکانیشی بڕیوەو بە ناوی دۆستایەتیو هاوکاری کردنی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان, شوێنەواری خراپی لە سەر ئەو بەشەی لە کوردستان داناوە؛ کە لەو پێوەندی‌یەدا کوردستانی عێراق زیندووترینو حاشا هەڵنەگرترین بەڵگەی سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەم رێژیمە دژی گەلی کورد بووە.

ساڵی 1991 بەدوای شەڕی دووهەمی کەنداوو بەدەسەڵات گەیشتنی کوردەکانی عێراقو پێك‌هێنانی حکوومەتی هەرێمو پارلمان یەکێك لە گەورەترین دەسکەوتە مێژوویی‌یەکانی گەلی کوردیان وەدەست هێنا. بەداخەوە دوژمنانی گەلی کورد ئەم جارەشیان وەخودەکەونو بۆ تێك‌دانو شکست‌هێنان بە ئەزموونی ئەم جارەش, بۆ تێکدانی ئەمنییەتو ئاسایشی کوردستانی عێراقو حکوومەتی هەرێم بە هەر شێوەیەكو رێگایەك بۆیان کرا هەنگاویان هەڵگرت. مێژووی ئەم چەند

ساڵەی کوردستانی عێراق ئەو راستی‌یانەمان زۆرتر بۆ دەردەخا کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا, بە بەڕێکردنی عەواملین‌و بەکرێگیراوانی جۆراوجۆری خۆی (دیارە زۆرتر ئەندامی ئیتلاعات‌و سپای پاسداران بووە) بۆ کووردستانی عێراق, دوو هەدەفی سەرەکی لە پێش گرتوە: یەکەم, تێکدان‌و بەشکست‌هێنانی ئەزموونی ئەم جارەی کوردستانی عێراق‌و دووهەم: زەربە وەشاندن لە ئوپوزیسیۆنی خۆی لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کۆماری ئیسلامی لە یەکەم سیاسەتی خۆی‌دا, بەهەر شێوەیەك بۆی کراوە ویستوویەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاواز بکا, لەو پێوەندی‌یەدا بەسیاسەتە دواکەوتوەکانی خۆی وەك نەخشی مەنفی لەشەڕی براکوژی, پشتیوانی لە هێندێك سازمان وەك بزووتنەوەی ئیسلامی کە هەمیشە نەخشی تێکدەری هەبووە. ویستوویەتی ئەمنییەتی ناوچەو دەسەڵاتی ناوچەیی کوردەکان تێك‌بدا تا ئەزموونی ئەم جارەی گەلی کورد تووشی شکست بێ. بەخۆشییەوە لەم دوایی‌یانەدا, بەهۆی وشیاری‌و هەست بە بەرپرسایەتی سازمانەکان‌و کەسایەتی‌یەکان, کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە نەگەیشت.

لە سیاسەتی دووهەم دا, ویستوویەتی لە رێگای تیرۆرو رەشەکوژی, رفاندن, مین دانانەوەو بۆمب دانانەوە, هێرشی زەمینی‌و هەوایی‌و هاندانی خەڵکی کوردستانی عێراق دژی ئوپوزسیۆنی خۆی بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لاواز بکا, بەداخەوە لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی دا نزیك بە 150 کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات‌و لایەنەکانی دیکە بوونەتە قوربانی سیاسەتە نائینسانی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی. لە پێوەندی لەگەڵ تەحویل‌دانەوەی تێکۆشەرانی حیزب بەهۆی بزووتنەوەی ئیسلامی, کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دوو سیاسەتی خۆی بەڕێوە بردوە. واتە هەم زەبری لە حیزبی دێموکرات وەشاندوە هەم لەو رێگایەدا ویستوویەتی بە ئاواتی دێرینەی خۆی کە دەرگیرکردنی حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکێك لە سازمانەکانی کوردی عێراقی‌یە بکا. لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی‌و بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر رێکەوتنی پێشتری خۆیان بەدوای تەحویل‌دانەوەی هاورێیانی حیزبی لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی بە کۆماری ئیسلامی. پڕوپاگەندەیەکی زۆر لە لایەن هەر دوو لا دژی یەکیەتی نیشتمانیی هەم لە ئێران‌و هەم لە عێراق دا بڵاو بۆوە تا حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانیی تووشی شەڕێکی براکوژی بکاو کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە ئاواتی خۆی بگا, کە بەخۆشی‌یەوە بە تەحەمول‌و وشیاری ئەو پیلانەی رێژیم پووچەڵ بووەو سەرشۆڕی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی‌و رێبەری ئەو رێکخراوەیەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران, دارێژەری ئەو پیلانە بوون مایەوەو ئەو خەیانەتەیان لە مێژووی گەلەکەمان دا تۆمار کراوە.

چارەنووسی تەحویلدراوەکان

تا ئێستا حەوت ساڵ بەسەر تەحویلدانەوەی ئەندامانی حیزبی بەهۆی بزووتنەوەی ئیسلامی بە کۆماری ئیسلامی ئێران, تێپەڕیوە. لەو کەسانە داریووش ئیسلامدوست هەروەك پێشتریش باس کرا, توانیی خۆی لە بەندیخانەکانی رێژیم ڕزگار بکا. بەڵام 6 کەسی دیکە لەو دەمەوە تا ئیستا لە لایەن رێژیمەوە هیچ چەشنە هەواڵێکیان لێ بڵاو نەکراوەتەوەو تەنانەت بە هیچ شێوەیەك ئیعترافی بە گیرانی ئەوان نەکردوەو روون نیە کە ئەو کەسانە لە کوێ زیندانی کراونو ئەندامانی بنەماڵەکانیشیان بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری چارەنووسی کەسو کارەکانیان نین. تەنانەت داریووش بەداوی دەربازبوونی لە زیندانەکانی رێژیم وتوویەتی هیچ ئاگاداریەکم لەسەر هاورێیانی دیکەوە نیە لەبەر ئەوەی بەدوای تەحویلدانەوەمان بە ئێران لە یەك جیاکراوینەتەوەو ئاگامان لەیەك نەبووە.

هەر لە یەکەم رۆژەکانی تەحویلدرانەوەی ئەندامانی حیزب, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکۆشاوە لە هەر رێگایەکەوە, کە بۆی بکرێ, هەم لە چارەنووسی هاوڕێیانی ئاگادار بێو هەم گوشار بۆ رێژیم بێنێ تا لانی کەم ئەمنییەتی گیانی ئەوان بپارێزێ. هەر بۆیە لە رێکەوتی 1996/10/26 بەرێز عەبدوللا حەسەنزادە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەك دا, داوا لە "پتروس پتروس غالی" سکرتێری گشتی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانی ئەو کاتو "موریس کاپیتورن" نوێنەری تایبەتی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران داو هەروەها "پییرمۆروا" سەرۆکی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست ناردو سەبارەت بەگیرانو تەحویلدرانەوەی هاورێیانی حیزبی ئاگاداری کردنەوەو داوای کرد بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو کەسانە هەنگاو هەڵگرن.(4)

هەر لەو پێوەندییەدا, رۆژی 6ی نوامبری 1996 ئاغای "بێرنارد گرانژۆن" سەرۆکی ئیفتخاری رێکخراوی پزیشکانی جیهان نامەیەکی بۆ سەفیری کۆماری ئیسلامی لە پاریس ناردو داوای لە سەفیری ئێران کرد کە چارەنووسی ئەو گیراوانە کە بەهۆی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە تەحویلی کۆماری ئیسلامی ئێران دراونەتەوە روون بکاتەوەو بە گوێرەی ڕێو شوێنەکانی مافی مرۆڤ رەفتاریان لەگەڵ بکەن.(5) هەروەها خانمی "دوریس پولت ـ کامەرلاندر" وتەبێژی سیاسیی سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش رۆژی 1997/2/18 لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی تەحویلدراودەکان, نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی ئۆتریش دوکتور "ڤۆلف گانگ شەلوسەل" نووسی. لەو نامەیە سەرەڕای باس لەسەر مەسەلەی کوردو پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا, داوا لە

وەزیری دەرەوەی ئۆتریش دەکا, سەبارەت بە چارونووسی ئەو کەسانە هەوڵ بداو لەو پێوەندی‌یەدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی وەزیر کردوە تا لەبەرامبەردا وەڵامدەر بێ.(6)

بەداخەوە بەدوای ئەو هەموو گوشارو کۆششەی حیزبو رێکخراوە بەشەردۆستەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی تا ئیستا چارەنووسی ئەو کەسانە بە هیچ شێوەیەك روون نەبۆتەوەو کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەك زانیاریەك لەو پێوەندی‌یەدا بدا. لە حەوتەمین ساڵی تەحویلدرانەوەیان بە کۆماری ئیسلامی, دیسان سکرتێری حیزب نامەیەکی بۆ "کوفی عەنان" سەرۆکی رێکخراوە نەتەوەیەکگرتوەکان نووسیو داوای لێ کرد بە گوشار هێنان بۆسەر کۆماری ئیسلامی چارەنووسی ئەو تەحویلدراوانە روون بکەنەوە تا بنەماڵەو کەسو کاریان لە نائۆمێدیو نیگەرانی بێنەدەر.(7) هەروەها لەو پێوەندی‌یەدا کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی بانگەوازێك بۆ حیزبو رێکخراوە دێموکراتەکانو کۆڕوکۆمەڵو مرۆڤە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان داوای لێ کردنی پشتیوانی لە نامەی سکرتێری حیزبی دێموکرات بۆ بەرێز "کوفی عەنان"و هەروەها بە مانای مەحکووم کردنو وەبیرهێنانەوەی ئەو کردەوە ئینسانفرۆشانەیە لە رێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە لێی بەرپرسیارەو دەبێ لە بەرامبەریدا, وەڵامدەر بێ.(8)

لە کۆتایی ئەم بەشەدا, بۆ زۆرتر ئاگادار بوونەوە بە نیسبەت بنەماڵەکانی ئەو کەسانەو رادەی نیگەرانی ئەوان سەرنجتان بۆ وتووێژێك رادەکێشین کە لە ژمارەی 375ی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزب دا بڵاوبۆتەوە.

چوار ساڵ لەمەوبەر "کوردستان" لە سێهەمین ساڵی تەحویلدانەوەی 6تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانەوە, وتووێژێکی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی دوو کەس لەوان پێکهێنا. لە حەوت ساڵەی ئەو کردەوە پڕشوورەیی‌یەی رێکخراوی ناوبراوو هاوکات لەگەڵ داوای یارمەتیی سکرتێری گشتی حیزب لە بەرێز کوفی عەنان بە مەبەستی روونکردنەوەی چارەنووسی ژمارەیەك تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو گەلی کورد, چەند بەشێکی وتوێژە کە جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوەو داوا لە هەموو ویژدانە بەخەبەرەکان دەکەین بە راگەیاندنی پشتیوانیی خۆیان لەو داوایە, فریای کەسووکاری هەروا نیگەرانو چاوەڕوانی ئەو مرۆڤە خەباتگێڕانە بکەون.

کوردستانو ئەردەشیر (منداڵەکانی ئەرشەد رەزایی)

ئێوە چ بیرەوەریەکتان لە باوکتان هەیە؟

سەرەتاکانی کرانەوەی مەدرەسە بوو کە باوکم لیباسو کیفی مەردەسەی بۆ کریبووین. کە لەگەڵ باوکم باسی مەردەسەمان دەکرد, باوکم پێی دەگوتین ئەگەر من لە ماڵێ نەبم, ئێوە دەبێ دەرسەکانتان بە باشی بخوێننو زیرەك بن. چەند رۆژێك بوو کە لەو قسانەی بۆ دەکردین تا رۆژێك دیتمان خۆی ئامادە دەکردو کۆڵەپشتی‌یەکەی هێنابووو شتی تێدەکرد. ئێمە لە دەڵی

خۆماندا وامان هەست دەکرد کە بۆ ماوەیەك بەجێمان دێڵێ. کە بەیانی هەستاین چاومان لە جێگەکەی کرد, نەمابوو, ئیتر لەو رۆژەوە هەر چاوەڕوانین. کەچی هێشتاش هەر نەگەراوەتەوە. منو ئەدەشیری برام چاوەڕوانینو زۆر بە ئاواتین کە جارێکیتر باوکمان بگەڕێتەوە.

براژن! منداڵەکان چ کاتێك زیاتر یادی کاك ئەڕشەد دەکەنو هەست بە خاڵی بوونی جێگاکەی لە کۆڕی بنەماڵەدا دەکەن؟ ئەی خۆت چ کاتێك یادی دەکەی؟

سەحراخان (هاوسەری کاك ئەڕشەد): منداڵەکانم بەزۆری لەکاتی جێژنەکانی حیزبو لەکاتی جێژنی نەورۆزدا زۆر بیری دەکەنو هەموومان هەست دەکەین کە جیگای خاڵی‌یە, کاتێك لە جێژنی نەورۆزدا منداڵەکان لەگەڵ باوکیان دەچن بۆ سەیران, کوردستانو ئەردەشیر لە سووچی ماڵە تاریکەکە دادەنیشنو چاویان پڕدەبێ لە فرمێسكو هەرچەند دەکەم دڵیان خۆش نابێو زۆرجار بە منداڵەکانم دەڵێم بۆ ناچن بۆ سەیران, ئەردەشیر لە وەڵامدا دەڵێ: منداڵان لەگەڵ دایكو باوکیاندا دەڕۆن بۆ سەیران کەچی ئێمە باوکمان گیراوەو ئەتۆش نایەی لەگەڵمانو ئێمەش بەتەنیا ناچین.

کوردستان! ئەگەر رۆژێك چاوت بە بەڕێوەبەرانو ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بکەوێ, لە بارەی ئەو کردەوە بێزهەستێنە چیان پێدەڵێن؟

بیروباوەڕی ئێمە قەت ئەوە هەڵ ناگرێ کە دژ بەو کردەوەی ئەوان هەڵویستێکی نامرۆڤانە بگرین یان بەقسەی ناحەز جوابیان بدەینەوە. تەنیا ئەوەیان پێدەڵێم کە هەر وەك ڕووتان لە لای خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانو هەموو مرۆڤدۆستێکی دنیا ڕەش بوو, بە هیوام کە لە دنیای دیکەش لای خودا ڕووتان ڕەش بێ.

خوشکە سەحرا! گوڵستان چووکترین منداڵی کاك ئەرشەدە. ئەوکات باوکی تەحویل درایەوە, چەند مانگی بوو؟ ئایا قەت باسی باوکی دەکا؟ هەست بە لەماڵ نەبوونی دەکا؟

گوڵستان 13 مانگە بوو. کە تەقەی دەرگا دێ, گوڵستان هەڵدێ بۆ لای دەرگاکەو وا دەزانێ باوکیەتی. زۆرجار کە دەڕۆین بۆ فروشگا, پێم دەڵێ باشتێك بۆ باەکم بکڕین. منیش دەڵێم گیانە! بابت نایەتەوە. کەچی لە وەڵام دا دەڵێ باوکم ئەوە لە ماڵە.

سێساڵە باوکتان لە ئێوە دوورە. لەو ماوەیەدا چەند جار خەونت بە ئازادیی باوکتەوە دیوە؟ زۆرتر چ خەونێکی پێوە دەبینی؟

سەمیرا (کچی هاوڕێ حەمە عەزیز یەکێك لە 6 تەحویلدراوەکە): ئەگەر بمهەوێ ئەو خەونانەی بە باوکی ئازیزمەوە دیومن ـ لەو کاتەوە بەهۆی جینایەتکارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە گیراوەو دراوەتە بە کۆماری ئیسلامی ـ بگێڕمەوە لە دەفتەرێك دا جێیان نابێتەوە. لە ماوەی سێساڵ دووری لە باوكو لە غەریبایەتی‌و دوورە وڵاتی‌دا ئازارێکی زۆرمان چێشتوە. ئەگەر لە نێو کۆڕی هاورێکانم دا دادەنیشم بۆ یەك سات باوکم بە پێش چاوم دا دێو دەڕوا. بیر لەو رۆژانە

دەکەمەوە کە لە مەدرەسە دەچوومەوە باوکم لە ماڵ بوو. لە باوەشی دەگرتمو چاوەکانی ماچ دەکردم. کاتێك شەو دادێ بیری شەوانێك دەکەمەوە کە باوکم بە قسە خۆشەکانی ماڵەکەمانی رەنگین دەکرد. کە خەوم لێ دەکەوێ خەوی پێوە دەبینم کە ئازاد بووەو گەڕاوەتەوە لامان. جاریوایە لە خەونەکەدا دەڵێم تۆ بڵێی ئەوە خەون بێ یا راستی بێ کە بە دیداری باوکم شاد دەبمەوە؟ زۆرتر ئەو خەونانەی پێوە دەبینم: دێتەوە لامانو بەدیاریيە خۆشەکانی شادمان دەکاتەوە. بابەگیان! ئاواتخوازم هەر نەبێ لە خەونەکانما بە دیدارت شاد ببمەوە. ئارەزوومە رۆژێك بێ بەراستی بێیەوەو تا خۆم لە باوەشی گەرمت باوێمو بۆ هەتا هەتایە پێت شاد بینەوە.

لە چ کاتێك دا پتر بیری باوکت دەکەیو هەست بە خاڵی بوونی جێگایەکەی لە نێو بنەماڵەکەتان دا دەکەی؟

هەموو کاتێك بیری باوکم دەکەمەوەو هەستیش بە خاڵی بوونی جێگاکەی دەکەم. بەتايبەت لە جێژنە حیزبیو ئايينیيەکان دا زۆرتر بیری دەکەمەوە. ئەو شەوە کە بەيانیيەکەی جێژنە دڵم زۆر زۆر ناراحەتە. بەيانیيەکەی جێژنەو لەگەڵ دايکمو ژاڵە, هەرسێکمان دادەنيشين. دايکم لە جاران زیاتر دڵی ناراحەتە, کە سەیرمان دەکا کە باوکمان لە ماڵەوە نیە چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسك. هەوڵیش دەدا کە ئێمە ناراحەت نەبین. لە جێژنی نەورۆز دا بیر لەو رۆژانە دەکەمەوە لە گەڵ باوکم پێکەوە دەچووين بۆ سەيران. لەوێ بۆخۆمان لەگەڵ ژاڵە کايەی خۆشمان دەکرد. بەڵام بابە گیان! سێ ساڵە نەتۆ دەزانی چۆن جێژن دێو دەڕوا نە ئێمەش دەزانین. بابەگیان! داخۆ خوای ئێمە ئەوانەی کە تۆیان بە درندانەترین شێوە گرتو لە ئێمەيان کرد, چیان بەسەر بێنێ. دیسان بابەگیان! هیوادارم لە داهاتوويەکی زۆر نزیك دا بە یەکتر شاد بینەوە.

هەستت بەرامبەر بەو کەسانەی باوکی پێشمەرگەتيان تەحویلی کۆماری ئیسلامی دايەوە, چیە؟

ئەوانەی کە ئەو جەنايەتەيان کردو بۆ ماوەيەکی ناديار باوکميان لە ئێمە ئەستاند, لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئەوانیش بەو دەردەوە بناڵێننو لە خۆشیی ژیان هەروەك ئێمەيان بێبەش کرد, ئەوانیش بێبەش بن. هەروەها نیسبەت بەو دڕندانە بەچاوی ڕق سەیریان دەکەم, پێم خۆشە کە تەنیا بۆ یەك جاریش بێ نەيان بینم.

چ داوايەکت لە رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدوستەکان هەیە؟

داوامان ئەوەیە ئەوەی لە دەستيان دێ بۆ پاراستنی گيانی باوکمو هاوڕێکانی دەریغی نەکەن. داواکارم بە هەوڵو کۆششی خۆیان بتوانن رێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە, کارێکی وا بکەن کە حوکمیان بدرێو ملاقاتيان ئازاد بێو گيانيان بپارێزرێ.

........

خیانەت لە ژێر سێبەری ئیسلامدا بەشی 2

مەهدی بەدری

بزووتنەوەی ئیسلامی

لە چەند دێرێك دا

دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی هەشتا ئەو کاتەی کە شەڕی ئێرانو عێراق هێشتا بەردەوام بوو. ئەو رێکخراوە هەر لە یەکەم رۆژانی پێك هاتنی تا ئێستاش پشتی بە یارمەتی‌یەکانی ئیران بەستووەو هیچ بەرۆنامەیەکی نیشتمانیی نیەو هەمو هێزو گوڕو تینیوپشتیوانی لە ئێرانەوەیە. دژ بە هەموو لایەنێکی سیاسیو غەیرە سیاسی‌یە لە سەرتاسەر جیهان دا, تەنیا ئێران نەبێ ئەویش لەبەر ئەو یارمەتی‌یانەی کە دەکرێت. دیارە ئێرانیش تەنیا لەبەر بەرژەوندی‌یەکانی خۆی پشتیوانی لەم رێکخراوەیە دەکا.

رێبەرانی ئەم رێکخراوە لە وتوویژ لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامەکان دا حاشایان لەوە نەکردوە کە لە لایەن ئێرانەوە یارمەتی دەکرێن, بۆ وێنە لە مانگی نیسانی 1987 "عەبدولەتیف بەرزنجی" یەکێك لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دیمانەیەك کە لەگەڵ رۆژنامەی "الجهاد کردی" کە لە تاران دەردەچێ وتی: "مەبەستی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بریتی‌یە لە پێوەندی‌یەکی برایانەی بەتین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا, کۆماری ئیسلامی ئێران پاڵپشتی تاكو تەنیای هێزە چەکدارەکانی ئێمەن. ئەوان بە پارەو چەكو هەموو پێداویستی‌یەك یارمەتی‌مان دەدەن.*

بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ شتێکی سروشتی‌یە رێژیمی کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر ئەم رێکخراوەیە بسەپێنێو ئەوەی مەبەستی‌یەتی بە بزووتنەوەی ئیسلامی جێبەجی‌بکا. روونیشە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی گەلی کورد لە هیچ یەك لە پارچەکانی کوردستاندا نیە.

بەدوای شۆڕشی ئەم دواییانەی کوردستانی عێراق. "لەساڵی 1992 هەڵبژاردنێك لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پێك هێنانی پارلمان بەڕێوەچوو, لەو هەڵبژاردنەدا تەواوی رێکخراوە ئیسلامی‌یەکان لە کوردستانی عێراق تەنیا 5%ی دەنگەکانیان هێنایەوە**". کە ئەویش نیشانەی لاواز بوونی پێگەی ئەم رێکخراوانەیە لە نێو گەلی کورد دا. لەو کاتەوە تا ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی بە پێی سیاسەتی دواکەوتووەکانی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئاسایشی خەڵکی ناوچەتێك بداو بە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی کوردستانو شەڕی دوو حیزبی سەرەکی ئەم ناوچەیە, گەورەترین سوودی وەرگرتو بە پشتیوانی ئێران دەسەڵاتی ناوچەی هەڵەبجەی وەدەست دەگرێو بە پێی سیاسەتی‌کانی کۆماری ئیسلامی ئەم ناوچەیە ئیدارە دەکاو تەنانەت ناوچەی هەڵەبجە وەك بەشێك لە خاکی ئێران دەرهاتبوو.

ئەم رێکخراوەیە بە پێچەوانەی قسەی بەڕێوەبەرانی کە گۆیا لە پێك هاتنی ئاسایش لە کوردستان دا تێکۆشاون. یەکێك لەو رێکخراوانە بوون کە ئاسایشی ناوچەیان تێك دابوو, شەڕ

لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانییو چەند لایەنێکی دیکە, بەڕێوەبردنی دەیان کردەوەی تیرۆریستی دژ بە ڕێکخراوەکانو خەڵکی ئاسایی لە سەرەتاسەری کوردستان, ئاژاوەنانەوە لە نێوان ڕێکخراوەکانو خەڵکی کوردستانو .. .هتد. لەو ماوەیەدا چەند جار لە نێوخۆی ئەم ڕێکخراوەیە لەسەر سیاسەتەکانیانو پێکهاتنی دووبەرەکی ئینشعاب رووی داوەو چەند لایەنی دیکەی ئیسلامی وەك: کۆمەڵەی ئیسلامی, جندالسلامو.. .هتد درووست بوون.

دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامی بەرادەیەك چۆتە پێش, تەنانەت لە دیاریکردنی ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوەیە دەستی هەبووە. بۆ وێنە بەداوی تەحویلدانەوەی 7 تێکۆشەری دێموکرات لە لایەن بزووتنەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیەدا, نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران وەك میوان بەشداری لەم کۆنگرەیە دەکا. "ئەنوەر عەنەبی" بەڕێوەبەری پیلانی تەحویلدانەوەی هاوڕێیانی حیزبی وەك ئەندامی ڕێبەری ئەم ڕێکخراوەیە دیاری دەکا تا پاداشی خۆشخزمەتی‌یەکەی لە کۆماری ئیسلامی وەرگرتبێ.

بە گەڕانەوەی ئاسایشو کۆتایی هاتنی شەڕی دوو حیزبی سەرەکی لە کوردستانی عێراق وردە وردە دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجە کەم دەبێتەوەو بە رووخانی ڕێژیمی بەعس ئەم دەسەڵاتە بە تەواوی لەبەین دەچێو ئەم ڕێکخراوەیە کە پێشتر بە پشتیوانی ماددیو مەعنەوی کۆماری ئیسلامی چەکدارێکی زۆری بە دەوری خۆی دا کۆکردبووە, ئێستا زۆر لاواز بوە. تەنانەت لەم دوایی‌یانەدا بە پێی هێندێك بەڵگە کە وەدەست کەوتوون, بە تەواوی دەرکەوتووە کە بزووتنەوەی ئیسلامی سەرەڕای پێوەندی قووڵی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران, لەگەڵ حیزبی بەعسو ڕێکخراوی القاعیدەش پێوەندی هەبووە.

پیوەندی قووڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران, حیزبی بەعسو هەروەها ئەلقاعیدە وا دەردەخا کە لایەنەکانی دیکەش پێکەوە پێوەندی‌یان هەیە. لەبەر ئەوەی کە ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانو لە ڕێگای ئێرانەوە هاتووچۆی ئەفغانستانیان کردوەو لە فێرگەکانی قاعیدەدا, ئامووزشیان دیوە. لە لایەکی دیکەوە ئەندامانی القاعیدە دیسان بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانو لە ڕێگەی سنوورەکانی ئێرانەوە هاتوونەتە کوردستانی عێراقو لە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی‌دا سازمان دراونو کاری تیرۆریستی‌یان بەڕێوە بردوە. تەنانەت بەداوی رووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق بەشێکی زۆری ترۆریستەکانی عێراق لە ڕێگای ئێرانەوە چوونەتە عێراقو کردەوەکانی خۆیان بەڕێوە بردوە. تەواوی ئەوانە نیشانەی پێوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی القاعیدەیە. کۆماری ئیسلامی بۆ پێوەندی لەگەڵ القاعیدەو ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکان چەند خاڵی هاوبەشیان هەیە:

-1دژایەتی کردنی ئەمریکا, 2-دژایەتی کردنی هەستی نەتەوایەتی بەتایبەتی مەسەلەی کورد, 3-دەستێوەردان لە کاروباری عێراقو تێکدانی ئاسایشی ناوچە بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان.

لەسەر كارە تیرۆریستیـیەكانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە كوردستان, دەقی دانپێدانانی ژمارەیك تیرۆریستی سەر بە رێكخراوەی بزووتنەوەە ئیسلامی كوردستان كە لە كاتی بەڕێوەبردنی كردەوەكانیان دەستگیر كراون دەخەینە بەرچاوی خوێنەران*.

تاوانبار "عبدالمنعیم عبدالرحمن محمد" ناوی نهێنی "عبدالباسیت محمد عبدالصمد" دانیشتووی گەرەكی مەنتكاوە. دانی بەوەناوە كە لە ساڵی 1995 پەیوەندی كردوە بە ریزەكانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە رێگەی حیمایەیەكی "مەلا سەلمان" كە ناوی "عبداللە"یەو ئەم كارانەی ئەنجام داوە:

•لە ساڵی 1996 لە لایەن مەلا سەلمانەوە تەلكیف كراوە كە دووكانی "اسواق ملك" لە گەڕەكی ئیسكان بتەقێنێتەوەو لە ساڵی 1997 ئەم كردەوەیەی ئەنجام داوە, لەو كردەوەش دا "عبدالقادر" ناوێك هاوكاری كردوە كە ئویش هەر لە لایەن مەلا سەلمانەوە راسپێردرابوو.

•پاشان چووەتە دەورەیەكی تایبەتیەوە كە لە خورماڵ بە ناوی "ابن عمر" كراوەتەوەو بە شەوانیش گەڕاوەتەوە بارەگای هێز كە لە هێزی "سیدالقگب" بووە.

•لە ساڵی 1998 لە لایەن "بیلال سلیمان" فەرماندەری هێزی "سید القگب" را سپێردراوە سەركردەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری تیرۆر بكاتو لە رۆژی 1998/4/18 لە هەولێر "قابیلو شاپور"یان تیرۆر كرد كە دوو ئەندامی سەركردایەتی بوون, لەو كارەشدا "فرهاد مصگفی محمدامین" كە ناسراوە بە "عبدالقادر"و "عبدالرحمن اسعدو عمر قادر" هاوكاریان كردوە.

•بۆ سێهەم جار لە ساڵی 1999 لە لایەن "ابومحمد"ەوە كە كابرایەكی عەرەبەو لەگەڵ جیهاد هاتبووە هەولێر, راسپێردراوە دووكانی "سنابیل" بتەقێنێتەوە, بەڵام پێش ئەنجامدانی كارەكە دەستگیر كراوە.

" حسین كمال عزیز" (جیهاد) ـ دانیشتووی گەرەكی ئیسكانی هەولێر, لە دانپێدانانەكەی دا دەڵێ: "لە ساڵی 1997 بۆتە لاینگری بزووتنەوەی ئیسلامی بەهۆی مزگەوتی مەلا تەڵحە لە مەنتكاوە.

•ئەو كاتەی لاینگر بووە بە هۆی دوو قووتابیەوە بەناوی "عبدالحیو عبدالصبور" دووتەقینەوەیان پێ ئەنجام دراوە, یەكیان لە هۆڵی زەردو ئەوەی دیكەیان لە پشت پارێزگای هەولێر. تەقینەوەی هۆڵی زەرد , رۆمانەیەكی تەوقیتكراو بوو لە ناو قوتوویەكی شیر دانرابۆوە هیچ زیانی گیانی نەگەیاند. ئەوەی پشت پارێزگاش نەتەقیەوە. لەو دوو كارە تیرۆریستیـیەش "عبدالحیو عبدالصبور" لەگەڵی دا بوونە.

•پاش ئەنجامدانی ئەو دوو تەقینەوەیە پەیوەندی بە رێكخراوی بزووتنەوەی ئیسلامیـیەوە كردوەو لە هێزی "سید القگب" بۆتە چەكدار.

•پاشان لەگەڵ "ابو محمد" ناوێك كە عەرەبەو لە ئۆردووگاكانی "اوسامە بن‌لادن"ەوە هاتۆتە كوردستان‌و شارەزایە لە بواری ئامادەكردنی بۆمب‌و تەخریبات‌و كەرەستەی تەقینەوە, رێككەوتووە دووكانی "سنابیل" بتەقێننەوە, بەڵام لەبەر ئەوەی لەژێر كۆنترۆڵی ئاسایش بوە نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن.

•لە هەوڵێكی دیكەدا ویستوویەتی بەهۆی دەعوەتەوە ئۆتۆمبیلی ملازمی ئاسایش "ئیبراهیم پۆڕە" بتەقیننەوە كە لەگەڵ تاوانبار "حسین كمال بن‌عامە", بەڵام "عبدالباسیت"ی هاوڕێی پەشیمانی كردۆتەوە لەبەر ئەوەی متمانەیان بە "ابو محمد" نەبوە.

شایانی باسە كە لە ئەنجامی كاری تیرۆریستانە "عبدالقادر" بەرپرسی "حسین كمال" كە ئەوان بە ئەمیری ناودەبەن‌و لە فێرگەی عەنەب بەرپرسی بووە پشتیوانی لێكردووە بۆ ئەنجامدانی هەر كارێكی تیرۆریستانەو بە یارمەتی هەر كەسێك ئەنجامی بدات‌و لە دژی هەر كەسێكیش بێت .

•پاش چەند رۆژێك, كاتێك لە مزگەوت دەگەڕایەوە ماڵەوە لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر كراوە.

تاوانبار "علی حسین مختار" عەرەبە بەمجۆرە باسی هاتنی خۆی بۆ كوردستان‌و كارەكانی پێشووی دەكات: "من لە دایك بووی 1968 , ناوی نهێنیم "علی حسین مختار"یەكیەكم لە چەكدارەكانی بزووتنەوەی ئیسلامی, لە هەڵبجە لێپرساوی وەرشەی گوڵپ بووم لە هێزی "سیدالقگب". من لێزانی تەقەمەنی‌و پێشخستنی جۆرەكانی چەكم‌و ئەم پسپۆڕیەم لە ئەفغانستان فێر بووم. لە رێگای "ابو جعفر" كوردی. كە بە هۆی ئەوەوە لە ئەفغانستان بەشداریم لە سێ دەورەی فێربوون كردوە. یەكەمیان "دەورەی خەلدەن"بوو كە سەربە "شیخ اوسامە بن‌لادن"ەو دووهەم دەورە لە فێرگەی "گونار"و سێهەمیان لە فێرگەی "مارگۆن" بوو. ئەو شتانەی لەوێ فێری بووم دروستكردنی جۆرەكانی تەقەمەنی‌و دانانەوەیان‌و دەرمان‌خوارد كردن بوو. "ابو جعفر" گوتی دەبێ بچی بۆ كوردستان‌و پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیەوە بكەیت, یەكێكی دیكەشم لەگەڵ بوو ئەو چوو بۆ توركیە, هاتمە ریزی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و چەند مانگێك لە هێزی دووی سۆران بووم پاشان لە رێگەی "عومەر فێرگەوە" چوومە هێزی "سید القگب", عومەر فێرگە داوای لێكردم دەورەیان بۆ بكەمەوەو نەیهێشت سەفەر بكەم‌و گوتی دەبێ لێرە بمێنێتەوە, وەرشەیەكت بۆ دەكەینەوەو دەبێ لەگەڵمان دا كار بكەیت, لەو رۆژەوە زۆر كارم بۆ كردن بەتایبەتی لە درووسكرنی چەك‌و تەقەمەنی داو چەكی جۆری RBG م بۆ پێشخستبوون, چەندین بابەتی تەقەمەنیم بۆ سەر چەكەكان زیاد كرد, پاش ئەوە كێشەم لە گەڵ هەندێك بزووتنەوە لە وەرشەی بیارە بۆ درووست بوو وەرشەكەم داخست. پاشان چاوم بە "جیهاد" كەوت كە ئەویش لە هێزی "سید القگب" بوو داوای لێكردم تەقەمەنیان بۆ ئامادە بكەم بە ئەوەی پێی لە هەندێ جێگە بدەن كە بە قسەی خۆیان دژی ئیسلامن. منیش دەستم بەكار كرد. گروپەكەی جیهاد لە خۆی‌و "عبدالقادرو عبدالباست" پێكهاتبوو. منیش چووم بۆ خورماڵ لەوێ كەرەستەكانم هێنا كە بریتی بوون لە كاتژمێرێكی تەوقیتكراو, نارنجۆك, كە خۆم لە خورماڵ دروستم كردبوو, ئۆمیتەرو پیوەری

بڕی کارەباو کەرەستەی دیکەش. جیهاد لە کەرەستەکان سەری سووڕمابوو. هەروا لە درێژەی دانپێدانانەکانی دا دەڵێت:

•چووینە شەقامی پزیشکان بۆ ئەوەی دووکانێك بتەقێنینەوە, بەڵام دواتر جیهاد هەڵویستی گۆڕیو گوتی دەمانهەوێ لە ئەفسەرێکی ئاسایش بدەین, بە ناوی "ئیبراهیم" لە بنکەی شێخەڵلا. پاشان دیسان هەڵویستیان گۆڕیو گوتیان لە بارێك دەدەین منیش کەرەستەکانم برد بۆ ئەوێ بۆ جێبەجێکردنی کارەکە, بەڵام جیهاد دواکەوتو کاتێکیش چوومە لای لەماڵەوە دەستگیر کرام.

تاوانبار "موسی رسول حاجی" ناوی نهێنی "رسول حاجی" لە دانپێدانانەکانی دا دەڵێت: لە ساڵی 1993 پەیوەندی بە بززوتنەوەی ئیسلامی‌یەوە کردوە لەگەڵ "مەلا قادرو مەلا سەعات."

•جیهادی کوڕی مەلا سەلمان بۆ رەسوڵی گێڕاوەتەوە کە ئەو تەقینەوانەی لە تەیراوە ئەنجام دراوە "عبداللە گوێ بەگوارە"و "گاریق"و "ملا فریق" ئەنجامیان داوە.

•رۆژێك لە گەڵ مەلا سەلمان بە سواری ئۆتۆمبێل بە شەقامی پێش پەروەردە دا تێدەپەرینو مەلا سەلمان تەماشای ئەو دووکانە دەکات کە پێشتر تەقینراوەتەوەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: "ئەوەتا ئەو دووکانە تەقیوەتەوە. ئەنجا بە تورکمانی لەگەڵ "ملا قادر" دەستی بە قسە کردوە.

•رۆژێك تاوانبار "موسی رسول" ویستوویەتی ئەکسلی ئۆتۆمبیلەکەی مەلا سەلمان چاك بکاتەوە لە ناو ئۆتۆمبیلەکە دوو کارتۆن T.N.T ی بینیوە کە هەندێك کەپسوولی رۆمانەشی لەسەر بوە. مەلا سەلمان فەرمانی بە "گاریق" ناوێك کردوەT.N.T یەکان بخاتە ناو لاندکروزە جام ڕەشەکە.

•رۆژێك تاونابارى ناوبراو لەگەڵ مەلا سەلمان لە ناو ئۆتۆمبیل دانیشتوەو مەلا سەلمان بۆیانی گێڕاوەتەوەو گوتوویەتی: ئێمە کاتی خۆی لە بازاڕ دەرۆیشتین بە سرنج تیزابمان بە ئافرەتان دادەکرد. سەرەتا پێدەکەنین, بەڵام کە تۆزێك دوور دەکەوتنەوە دەستیان بە هاتوهاوار دەکرد.

•هەروا هەر لەو دانیشتنەی ناو ئۆتۆمبیل دا مەلا سەلمان تەکلیفی لە "موسی رسول" کردوە تیزاب بە کچان دا بکەنۆ جنێویشی پێداون پێی گوتوون: عەمرتان نەمێنێ بۆ ئەو ئیشانە ناکەن. لەو دانیشتنەدا "باخەوان"و باخەوان برای "عبداللە گەورە"و "ئاشتی"و زریان" ئامادە بوون.

•بەقسەی تاوانبار "موسی رسول" ئەو جەماعەتەی لەو دانیشتنەی ناو ئۆتۆمبیل پێکەوە بوونە لەسەر فەرمانی مەلاسەلمان لە ناو بازاڕدا تیزابیان بە کچان دا کردوە.

تاوانبار "فرهاد محمد مصگفی" یەکێك بوە لەوانەی لە تیرۆر کردنی قابیلو شاپور ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەشداری کردوەو بەمجۆرە ئەنجامدانی کارەکەی بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە.

ئێمە چوار کەس بووین. منو "عەبدولباسیتو عومەرو عەبدولرەحمان" بەرنامەیەکمان دانا بۆ ئەوەی یەکسەر بەسەریاندا بدەین, رۆژی شەممە سەعات 9ی سەرلەبەیانی لە ماڵ لە مەنتکاوە دەرچووینو بە تاکسی بەرەو تەلاری ئومەرا وەڕێ کەوتین کە بنکەی رۆژنامەی یەکسانی تێدایە. لەوێ دابەزینو "عمر" بەجێما بۆ ئەوەی سەیارەیەك دابین بکا تا لە دوای ئەنجامدانی کارەکە یەکسەر بۆی دەربچین. خۆشم لە ناو بینایەکە (ساختمان) وەستام. "عبدالباستو عبدالرحمن"یش چوونە سەرەوەو دوای دوو سێ دەقیقە گوێم لە دەنگی تەقە بوو ئەوان دابەزیمو یەکسەر سواری ئۆتۆمبیل بووینو گەڕاینەوە ماڵ لە مەنتکاوە.

پەراوێزەکان

(1)راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی تەحویل درانەوەی 7 تێکۆشەری دێموکرات بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هاونیشتمانانی بەرێز!

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

کۆڕو کۆمەڵە ئازادیخوازو بەشەر دۆستەکان!

شەوی 19 لەسەر 1996/10/20ی زایینی بەرامبەر بە 28 لەسەر 1375/7/29ی هەتاوی دەستەیەکی 7 کەسی لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوەکانی: "ارشد رچایی", "داریووش اسلامدوست","محمدعزیز قادری","یونس محمدپور","عدنان اسماعیلی","مقفر کاڤمی"و "معروف سهرابی", لە حالێك دا کە لە مەئموورییەتی حیزبی را بەرەو بنکەکانی خۆیان دەگەرانەوە لە نزیك شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراق لە لایەن کەمینێکی بزووتنەوەی

ئیسلامیی کوردستانی عێراق بە بەرپرسایەتی فەرماندەرێکی نیزامی بزووتنەوەی ئیسلامی بە ناوی "انور عنبی" دەگیرێن‌و بێ‌سەرو شوێن دەکرێن.

چەند رۆژ دوای ئەو رووداوە بەداخەوە دەرکەوت کە ئەو تێکۆشەرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوەو بەم جۆرە گیانیان لەگەڵ مەترسیی جیددی بەرەوروو کراوە.

رۆژێك پاش گیرانی ئەم 7 کەسە, نوێنەری حیزب لە شاری سولێمانیە لە رێگای پێوەندی گرتن بە بنکەی عیلاقاتی بزووتنەوەی ئیسلامی لەم شارە داوای لە بزووتنەوەی ئیسلامی کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چارەنووسی ئەم هاورێیانە ئاگادار بکاتەوە کە بەداخەوە وەڵامی پێویست نەدرایەوە. بۆیە کومیتەی پاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی 1996/10/23ی زایینی نامەیەکی بۆ رێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی ناردو داوای کرد کە لە چارەنووسی ئەم حەوت کەسە ئاگادار بکرێ. لە وەڵامی ئەم نامەیەدا مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەداخەوە لە جیاتی روون کردنەوەی پێویست‌و دانی ئاگاداری لە سەر چارەنووسی بێ‌سەرو شوێن کراوەکان, پەنای بۆ لادان لە مەسەلەکەو پەردەپۆش کردنی ئەم کردەوە خەیانەتکارانەیە برد. هەر لەو پێوەندی‌یەدادەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەك دا بۆ مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی رۆژی 1996/10/26ی زایینی داوای سزادانی عامیلانی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیەی کرد. دیسان بەداخەوە مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جیاتی سزادانی عامیلانی ئەم کردەوە دزێوەو دوور خستنەوەی ئەم پەڵەیە لە داوێنی خۆی لەم رێگایەوە, لە وەڵامی نامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تەنیا بە ئاماژەکردن بۆ نێوەرۆکی نامەی پێشوو خۆی قەناعەتی کرد کە ئەویش خۆ لادان لە مەسەلەکەو پەردەپۆش کردنی خەیانەتەکە بوو. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە کاتی گرتنی ئەو حەوت کەسەدا تەنیا حیزبی مەوجوودو دەسەڵاتدار لە هەڵبجەو دەوروبەری بووەو ئیستاش دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە هەر بەو بزووتنەوەیە یە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی توندی ئەم کردەوە خائینانەیە کە دەرحەق بە تێکۆشەرانی ئەم حیزبەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەرێوە چووە, کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە گیانی ئەو تێکۆشەرانە بە بەرپرس دەزانێ‌و هەر لەو کاتەدا داوا دەکا:

-1رێبەرایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جیاتی لادان لە مەسەلەکەو پەردەپۆش کردنی ئەو کردەوە غەیرە ئینسانی‌و سیاسی‌یە, بۆ ناساندن‌و بەسزا گەیاندنی عامیلانی ئەو تاوانە پرشوورەیی‌یە هەنگاوی جیددی‌و بەکردەوە هەڵێنێتەوەو بەم کارە نیشان بدا کە ئەم کردەوە خەیانەتکارانەیە لە سیاسەتی رەسمی‌و بڕیارری رێبەرایەتیی ئەم رێکخراوە سەرچاوەی نەگرتوە.

2-له كۆڕو كۆمه‌ڵه به‌شه‌ر دۆسته‌كان, هه‌موو ئازادیخوازانو لایه‌نگرانی مافی مرۆڤو ڕێكخراوه سیاسی‌یه كوردستانی‌و ئێرانی‌یه‌كان داوا ده‌كه‌ین كه له به‌رامبه‌ر ئه‌م كرده‌وه دزێوه دژی ئینسانی‌یه‌دا هه‌ڵوێست بگرنو له هه‌ر ڕێگایه‌كی مومكینه‌وه به فشار هێنان بۆ سه‌ر كۆماری ئیسلامی ئێران گیانی ئه‌م تێكۆشه‌رانه له مه‌ترسی جیددی ڕزگار بكه‌ن.

ده‌فته‌ری سیاسیی

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

9ی خه‌زه‌ڵوه‌ری 1375ی هه‌تاوی

30/10/1996ی زایینی

كوردستان ژماره 239

(2) رادیۆ "ده‌نگی ئیسلام" ده‌نگی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی 1375/8/12ی هه‌تاوی

راگه‌یاندنی ناوه‌ندیی بزووتنه‌وی ئیسلامی

رادیۆ ده‌نگی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران چه‌ند لێدوانێكی نادرووستو دوور له راستی بڵاوكرده‌وه كه گوایه كۆمه‌ڵه چه‌كدارێكی ئه‌و حیزبه له ناوچه‌ی هه‌ڵبجه‌ی شه‌هیددا له لایه‌ن فه‌رمانده‌رێكی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی‌یه‌وه گیراونو پاشان ته‌سلیم به كۆماری ئیسلامیی ئێران كراون.

ئه‌وه‌ی گوێی له‌و درۆو ده‌ست هه‌ڵبه‌سته‌بێ, تێده‌گا كه ئه‌مه‌ش به‌شێكه له‌و كۆمه‌ڵه پیلانانه‌ی كه له ده‌وری بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی داده‌رێژرێ بۆ ئه‌وه‌ی رۆڵی ئاشتی‌خوازانه‌و كوردپه‌روه‌رانه‌ی لێ تێك بده‌نو له‌به‌ر چاوی جه‌ماوه‌ری هه‌موو پارچه‌كانی كوردستانو به تایبه‌ت ئه‌م به‌شه‌ی كوردستان له‌كه‌داری بكه‌ن. هه‌موو جه‌ماوه‌ری كوردستان ئه‌و راستی‌یانه ده‌زانن كه بزووتنه‌وه‌كه‌مان هه‌میشه به ته‌نگ پاراستنی گیانی رۆڵه‌كانی ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه بوونو جارجاریش له‌و گیانپارێزی‌یه‌دا ره‌چاوی ئه‌وه‌ی نه‌كردوه كه فلان كه‌سو لایه‌ن هه‌ڵوێستی خراپی هه‌بووه له گه‌ڵی‌داو بگره ده‌ستیشی سوور بووه به خوێنی براكانی, یان به‌بێ له‌به‌ر چاو گرتنی جیاوازێكی روانینو ئایدئۆلۆژیا كه ئه‌مه له‌به‌ر جه‌ماوه‌ره‌كه‌مان دا هێندێك جار پرسیارمان بۆ درووست كراوه. بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی ئه‌و هێزه سیاسی‌و سه‌ربازی‌یه بوو كه له كاتێك دا زۆربه‌ی لایه‌نه سیاسی‌یه‌كانی كوردستان یه‌كیان گرت بۆ راماڵینو له ناو بردنی پارتی كرێكارانی كوردستانی توركیه (P.K.K) ئه‌و له‌و شه‌ڕه‌دا به‌شداری نه‌كردو بگره به‌لایه‌وه كه‌م كردنه‌وه‌ی وزه‌و توانای گه‌لو به‌كوشت دانی رۆڵه‌كانی بوو له هه‌ر لایه‌ك بێت. ئه‌مه هه‌ڵوێستی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی بوو

بەرامبەر بە لایەنێکی وەکوو (P.K.K) لە کاتێك دا جەماوەری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەزانێت چ جیاوازیەکی ئایدئۆلۆژیا لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەیە.

بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو لایەنە شۆڕشگێرو خەمخۆرەی کوردە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆی کوردستان دا, جگە لە هەوڵە سیاسیەکانی بۆ وەستانی شەڕەکە, وەك رێکخراوێکی فریاگوزاریش هەمیشە لە ناو رێژنەی گوللەو راجیمەی لایەنە شەڕکەرەکان دا چووەو هەندێك جار بۆتە هۆی پاراستنی گیانی سەدان رۆڵەی ئەم گەلە لە رقو تۆڵەی بەرامبەرەکەی, لە کاتی تێك شکاندنی ئەم لایەن یان ئەوەی تریان بەبێ جیاوازی. ئەمانەش هەموو بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردو هیچ نەبێ کەم کرانەوەی قوربانیەکانی ئەو شەڕە کورد کوژیە بێت.

برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاك ئەو راستیە دەزانن کە بزووتنەوەی ئیسلامی لایەنێکی سەربەخۆی کوردستانەو تا ئەمڕۆ سەربەخۆیی پاراستوەو دەی پارێزێت. جێگای سەرسووڕمانە کە حیزبێك خۆی بە هێزێکی سیاسیو سەربازی بزانێتو بەبێ بەڵگەو نیشانەیەکی روون کارێکی وا بداتە پاڵ بزووتنەوەی ئیسلامی. لە کاتێك دا دەبوو لە پێش دا رووی گومانیان لە خۆیانو بارودۆخی ناوخۆیان بکردایە کە دوور نیە لەو ناوەندە ئاڵۆزەدا روو بدات. دەشێ ئەوان روو لە خەڵکانێکیتر بکەن کە پێشتر هەڵوێستی زۆر لەوە گەورەترو ئاشکراتریان نواندبێتو برادەرانی دێموکراتی ئێران نەیان توانیبێت ئەوەی ئەمڕۆ بەرامبەر بە ئێمە وەك بزووتنەوی ئیسلامی دەیڵێن بۆ خەڵکانی تر, وشەیان لەسەر زار بێتە خوارەوە.

جەماوەری خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی دا بێگومانن لەو راستیەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی رێز لە هەر کەسو لایەنێك دەگرێت کە بەراستی بەرگری لە مەزلوومییەتو چەوساوەیی کورد بکات لەهەر جێگایەك بێت. دیارە برادەرانی دێموکرات بۆیە بزووتنەوەیان بەوە تاوانبار کردوە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئیسلامیەو ئەوانیش هەڵویستی تایبەتی خۆیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلامو ئیسلامیەکان. ئێمە بێگومانین لە هەموو کاتێك زیاتر گەلەکەمان تێگەیشتوە کە تەنها ئیسلامو گەرانەوە بۆ بەرنامەی خوا چارەسەری کێشەکانمان دەکاتو دروشمو ئایدئۆلۆژیای سەرەکیو نامۆی دوور لە ئیسلام رووی کوردایەتیشی لێخن کردووەو کوردیشی بەم رۆژە گەیان. بۆیە ئێمە جارێکیتریش جەماوەری گەلی کوردستان لە هەموو جێگایەكو برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش ئاگادار دەکەینەوە کە بزوتنەوەی ئیسلامی پارێزگاری لە بەرژەوەندیە بایەخدارەکانی گەلی کورد دەکات لە هەر کوێیەك بێتو بەرنامەی کاری خۆی لە ژێر رووناکیو رێنمایەکانی ئیسلام دا بەرێوە دەبات. هەرگیز ئامادەش نیە بۆ بەرژەوەندیی هیچ لایەنێك زیان لە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بداتو لەگەڵ لایەنە کوردیەکانیش دا هەمیشە خاڵە هاوبەشەکانی هەمیشە لەبەر چاو گرتوەو سەنگەری بزووتنەوەی ئیسلامیش هەموو کات بەرگری لە یەك ریزیو برایەتیو یەکبوونی ئەم گەلە کردوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان ئەوەتا لە درۆو پڕوپاگەندەکەی کە داویەتە پاڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بەڵگەو دەلیلی واقیعیو راستیانە ئەو بڵاوکراوەیە روون بکەنەوەو بیسەلامێنن, یان ئەوەتا ئێمە وەك بزووتنەوەی ئیسلامی باواجی.. دەبینین لەسەریان سەبارەت بە رووخاندنو لێخن کردنی

سونعەی بزووتنەوەیەکی وەك بزووتنەوەی ئیسلامی. لەکاتێك دا کە هەموو گەلی کورد دەزانێت, بەتایبەت جەماوەری کوردستانی ئێران کە بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها کاتێك یاری بە خوێنی گەلی کورد نەکردوەو ناشی کاتو لە چوارچێوەی ئیسلامەتی لاناداتو ناچێتە ژێر تەئسیرو جەختی هیچ کەسێكو هیچ کات کاری بۆ هیچ لایەنێك نەکردوە, لەبەر بەرژەوەندی خەڵکانی تر.

بۆیە ئومێدوارین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر بە وردیو بەچاوی تیژەوەو عەقڵێکی خاوەن تەجروبەوە بڕواننە مەسەلەکەیانو بەقەناعەتەوە وەری بگرن.

ڕاگەیاندنی ناوەندیی بزووتنەوەی ئیسلامی

21ی جمادی دووەمی 1417ی کۆچی

بەرامبەر بە 2ی تشرینی دووهەمی1996ی زایینی

ئێرە دەنگی ئیسلامە,

دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یە لە کوردستان

(3) چەند قسەیەك لەسەر چەند قسەیەکی بزووتنەوە ئیسلامی

ڕۆژی پێنج شەممۆ ڕێکەوتی 10ی خەزەڵوەری 1375, ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا پەردە لەسەر کردەوەی خەیانەتکارانەی تەحویلدانەوەی 7 تێیکۆشەری دێموکرات بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵدرابۆوەو لەبەر ئەوەی ئەم کارە دزێوە بەدەست ئەفرادی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق ئەنجام درابوو داوا لە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕێکخراوەیە کرابوو کە عامیلانی ئەم ئینسان ڕفێنیو ئینسان فرۆشتنە سزا بداو بەم جۆرە نیشان بدا کە ئەم کارە لە هەڵوێستو سیاسەتی گشتیی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە سەرچاوە نەگرتوە.

بەداخەوە کە ئێستا زیاتر لە سێ حەوتوو لە ئەنجام درانی ئەم کردەوە دژی ئینسانی‌یە تێپەڕ دەبێ, نەك هەر ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ بە سەزا گەیاندنی عامیلانی ئەم کردەوە غەیرە ئەخلاقی‌یە هەنگاوی جیدیو بەکردەوەی هەڵنەهێناوەتەوە, بەڵکوو لە تەبلیغاتی ئەم ڕێکخراوە وادەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتی بزووتنەوە لەبەردان بەشێوەی جۆراوجۆر خۆ لەو مەسەلەیە بدزنەوەو وەباڵی ئەم تاوانە بە ملی لایەنی دیکەدا بکەن.

لە چوارچێوەی گرتنە پێشی ئەم سیاسەتە لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی‌دا پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی 12ی خەزەڵوەری

1375ی هەتاوی رادیۆی ئەم رێکخراوەیە راگەیاندنێکی ناوەندیی بزووتنەوەی بڵاو کردەوە کە لەودا ئاماژە بۆ رابردووی ئەم بزووتنەوەیە کرابووو لە دوورخستنەوەی ئەم تاوانە لە ئەفرادی بزووتنەوە دوابوو. لە راگەیەندراوەکەدا هاتبوو کە: "دەشێ ئەوان روو لە خەڵکانێکی تر بکەن کە پێشتر هەڵوێستی زۆر لەوە گەورەترو ئاشکراتریان نواندبێت". هەروەها لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: "دیارە برادەرانی دێموکرات بۆیە بزووتنەوەیان بەوە تاوانبار کردوە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئیسلامی‌یەو ئەوانیش هەڵوێستی تایبەتیی خۆیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلامو ئیسلامی‌یەکان."

لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە ئەو پرسیارە لەگەڵ رێبەرایەتی بزووتنەوە بێنینە گۆڕێ کە بۆچی لە حالێك دا بێجگە لە هێزی بزووتنەوە هیچ هێزێکی دیکە لەکاتی روودانی ئەم کردەوەدا لەم ناوچەیە نەبووە دەبێ حیزبی دێموکرات "روو لە خەڵکانی تر" بکا؟ ئەگەر بەراستی ئەوان بە حزووری خۆیان لە ناوچە ئاگاداری‌یەکی وایان هەیە کە دەتوانێ ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە لە لایەن لایەنێکی دیکەوە بسەلمێنێ بۆچی بە بەڵگەو زانیاری‌یەوە ئەم راستی‌یە بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان ناگەیەنن‌و ئەم تاوانە کە گۆیا حیزبی دێموکرات لەخۆڕا وەپاڵ ئەفرادی بزووتنەوەی داوە لە خۆیان دوور ناخەنەوە. جیا لەوەی حیزبی دێموکرات نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە هێزی بزووتنەوە لە کاتی روودانی ئەم کردەوەیەدا تەنیا دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە, بەڵکوو بە زۆر دەلیل‌و بەلگەی دیکە لێی روونە کە ئەم کردەوەیە لە چ جێگایەك‌و لە لایەن کام دەستە لە ئەفرادی بزووتنەوە ئەنجام دراو ئامادەشە لە دانیشتن لەگەڵ بزووتنەوەدا بەڵگەو سەنەدانە لەبەردەم نوێنەرانی ئەم رێکخراوەیە دابنێ. ئەوەش کە لە راگەیەندراوی ناوەندیی بزووتنەوەدا هاتوە کە گۆیا حیزبی دێموکرات لەبەر ئەوە بزووتنەوە تاوانبار دەکا کە ئەم رێکخراوەیە رێکخراوەیەکی ئیسلامی‌یەو حیزبی دێموکراتیش هەڵوێستی تایبەتیی خۆی بەرامبەر بە ئیسلامو ئیسلامی‌یەکان هەیە, ئیددیعایکی زۆر نادرووست‌و بێ بناغەیە. راستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی مەزهەبی نیە, بەڵام رێز بۆ بیروباوەڕی مەزهەبیی خەڵکی وڵاتی خۆی‌و خەڵکی دیکە دادەنێ‌و هەرگیز رێگای نەداوە بێحورمەتی بە ئایین‌و مەزهەبیی خەڵکی دیکە بکرێ. بەو حاڵەش ئەگەر ئەم ئیدیعایەی بزووتنەوە کە دەڵێ: بۆیە حیزبی دێموکرات ئەو تاوانە وەپاڵ ئێمە دەدا چونکە ئیسلامین, راست بوایە دەبوو تا ئێستا وەباڵی هەموو ئەو جورمو جینایەتانە کە لە کوردستانی عێراق دەرحەق بە تێکۆشەرانی دێموکرات ئەنجام دراون‌و بەداخەوە لە دەیان نموونە تێپەڕ دەبن هەموو بە رووی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و باقی رێکخراوە ئیسلامی‌یەکانی دیکە کرابانەوە کە هەرگیز وانەبووەو ئەوە یەکەم جارە کە حیزبی دێموکرات تاوانێکی لەو بابەتە بە ئەفرادی بزووتنەوەی ئیسلامی نیسبەت دەدا. ئەویش بە بەڵگەو سەنەدو سەرەنجام بە گەیشتن بەم قەناعەتە کە ئەم کارە لە لایەن ئەفرادی بزووتنەوەوە بەڕێوەچووە. هەروەك پێشتریش لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی تاوانبارانەدا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات‌و تێکۆشەرانی کرابێ, حیزبی دێموکرات پاش لێکۆڵینەوەو روون بوونەوەی چۆنیەتیی رووداوەکە تاوانەکەی بەرەورووی ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە کردۆتەوەو

هەڵوێستی شیاو و بگرە توندتر لەو هەڵوێستە کە بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆی نیشان داوە گرتووەو دەری بریوە.

جیا لەم چەند خاڵەش جێگای سەرنجە کە لە راگەیەندراوی ناوەندیی بزووتنەوەی ئیسلامی‌دا کە ئاماژەمان بۆ کرد, هەر لە درێژەی سیاسەتی خۆ دزینەوەی بزووتنەوە لەم تاوانەدا, رۆژی 18ی ئەم مانگە "مەلاعبدالغنی" ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە وتووێژێك دا کە رادیۆی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بڵاوی کردەوە, هێندێ قسەی لە پێوەندی لەگەڵ تەحویلدانەوەی ئەم 7 تێکۆشەرە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا کردن کە نەك خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی دێموکرات پێیان نادرووستو دوور لە راستی بوون بەڵکوو لەو بڕوایە داین کە جەنابی مەلا عبدالغنی خۆشی قەناعەتی پێیان نیە. چونکە جەنابی هەر لە سەرەتای قسەکانی دا دەڵێ: "ئەو تۆمەتەی دێموکرات بەرامبەر بە بزووتنەوەکەمان, ئەمە بەشێکە لەو پیلانانەی کە ناوە ناوە بۆمان دروست دەکرێ بۆ بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق, ئەوەی کە بە راگەیاندن بە ئێمەی گوتووە, یان بە بەیانێك بڵاویان کردۆتەوە دژ بە بزووتنەوەکەمان بەراستی یەك لە سەدی ئەوەی بەو لایەی نەگوتوە کەوا چۆن ئازاریان داون."

جارێ هەر لە سەرەتا دا لانی کەم هەر بۆ ئێمەی دێموکرات روون نیە کە ئەم پیلانانە ناوە ناوە بۆ بزووتنەوە درووست دەبن چینو لە لایەن چ لایەنو کەسانێکەوەن, پاشان بۆچی ئەم حەقیقەتە کە وەك رۆژ روونە کە ئەفرادی بزووتنەوە ئەم 7 تێکۆشەرەیان تەحویلی ئێران داوەتەوە, بەشێکە لەو پیلانە نارووںو نادیارانەی کە گۆیا دەرحەق بە بزووتنەوە ناوە ناوە دێتە گۆڕێ؟ سەرەڕای ئەوەش مەلا عبدالغنی لەوە نارەحەت نیە کە ئەم 7 تێکۆشەرە تەحویلی ئێران دراونەوەو تەنانەت ئەگەر لە روانگەی ئەوەوە لایەنێکی دیکەش ئەم کارەی کردبێ مەحکوومی ناکا, بەڵکوو لە قسەی جەنابی ڕا وا دەردەکەوێ کە ئازاردانی حیزبی دێموکرات بۆ هەموو لایەنێك مەباحو حەڵاڵە, بەڵام ئەوە حیزبی دێموکراتە کە لە بەرامبەر لایەنێکی ئازاردەر دا توندتر دەدوێو لە بەرامبەر یەکی دیکەدا نەرمترو نارەحەتیی مامۆستاش زیاتر لەو پێوەندیيە دایە کە ئەویش وانیەو حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر هەر خیلافکارىو کردەوەیەکی غەیرە ئینسانی دا کە دەرحەق بە خۆىو بە تێکۆشەرانی ئەنجام درابێ هەڵوێستی پێویستی گرتوە. جا با ئەم هەڵویستە سیاسیو مەنتیقیو بە دوور لە زمان شڕیو پێك هەڵپڕژان بووبێ. هەروەك راگەیەندراوەکەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ تەحویلدانەوەی ئەم 7 تێکۆشەرە لە لایەن ئەفرادی بزووتنەوەشەوە هەر بەو زمانە گوتراوەو هەر لەو چوارچێوەیەدا نووسراوە. جا ئەگەر رێبەرایەتیی بزووتنەوە لە بەرامبەر تەحویلدرانەوەی 7 تێکۆشەری دێموکرات دا ئەو حەقەش بە حیزبی دێموکرات رەوا نابینێ, ئەوە شتێکی دیکەیەو بەستراوەتەوە بە ئینسافی ئیسلامی ئەم بەرێزانە.!!

ئەوەش کە مامۆستا لە قسەکانی خۆی دا بە راشکاوی ناوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەك ئەنجامدەری ئەو کردەوەیە دەبا, حەق بوو لە وتووێژەکەی دا بۆ خەڵكو بۆ ئێمەی روون کردباوە کە ئەم رەفتارە دزێوە بە چ شێوەیەكو چۆن ئەنجام دراوە. ئەگەر بەراستی بزووتنەوە بتوانێ بە

دەلیلو بەڵگە ئەم ئیددیعایە سابیت بکا حەقە حیزبی دێموکرات عوزری بۆ بێنێتەوەو عەینی ئەم هەڵوێستەی کە مامۆستا پێی توندەو بگرە توندیش بەرەورووی ئەم لایەنە بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ حیزبی دێموکرات حەقیقەتی وابیر بکاتەوە کە ئەوەش پیلانێکە لە ریزی ئەو پیلانانەی کە ناوە ناوە بۆی درووست دەکەن‌و بۆیە ئەوەیە کە سەرەڕای تەحویلدانەوەی 7 کەس لە تێکۆشەرانی, لەگەڵ لایەنێکی دیکە بەگژ یەکیان دا بکەن, پیلانێك کە لە مێژە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەنجامدانی لە هەوڵ دایەو سەبرو لە سەرەخۆیی‌و لێبوردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پووچەڵی کردۆتەوە.

مەلا عبدالغنی لە درێژەی وتووێژەکەی‌دا چۆنییەتیی ئەم رووداوە بە جۆرێك باس دەکا کە ئەگەر نەڵێین خیلافە, دەبێ بڵێین کە خیلافیان عەرز کردوە. چونکە مەسەلەکەو رەوتی رووداوەکە بەجۆرێکی دیکە بووەو ئەگەر بزووتنەوە ئامادەبێ لە هەیئەتێکی لێکۆڵینەوەی هاوبەش داو بە بەشداریی لایەنی دیکەش بەشداربێ, وەك بۆ خۆی دەڵێ بە وردیو لە رووی عەقڵو تەجرووبەوە لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوەو گوێ بۆ دەلیلەکانی حیزبی دێموکرات رابگرێو چۆنیەتیی رووداوەکە لە زاری شاهیدانی مەسەلەکەش ببیسێ, ئەدەم رەنگە ئەگەر لە لای حیزبی دێموکراتیش حاشا بکا خۆی بەدڵ قەناعەت بکا کە کێو چ لایەنێك ئەم کارەی کردوەو مەسەلەکەیان, ئەگەر نەڵێین ئاگادارە, بڵێین چۆنیان بە پێچەوانە تێگەیاندوە.

بەو حاڵەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەیە لە دانیشتنێکی هاوبەش دا بەڵگەو دەلیلەکانی خۆی بۆ دەست تێدابوونی ئەفرادی بزووتنەوە لەو کردەوە نائینسانی‌و نائیسلامی‌یەدا دەریخاو گوێ لە قسەکانی نوێنەرایەتی بزووتنەوەش بگرێ. دیارە لە دانیشتنێکی ئاوادا پاش دەرکەوتنی ئەو راستی‌یە کە ئەفرادی بزووتنەوە ئەنجام دەری ئەم کارە بوون ئەگەر رێبەریی بزووتنەوە بۆ سزادانی عامیلانی ئەو کردەوە دزێوە هەنگاونەنێ مانای ئەوەیە کە ئەم ئەفرادە سەربەخۆ ئەم کارەیان نەکردوەو بڕیارێکە کە لە سەرەوەترەوە دراوە.

(4) داوای یارمەتی بە مەبەستی پاراستنی گیانی 7 خەباتگێڕی دێموکرات

رۆژی 1996/10/26ی زایینی هاورێی تێکۆشەر "عبداللە حسن‌زادە" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنامە بەرێزان "پـگرس پـگرس غالی" سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان, "موریس کاپیتورن" نوێنەری تایبەتی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران داو "پیەرمۆروا" سەرۆکی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە گیران‌و تەحویل دانەوەی 7 تێکۆشەری دێموکرات بە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگادر کردەوەو داوای لێکردن لەهەر رێگایەکەوە بۆیان دەکرێ بۆ پارێزرانی گیانی ئەو 7 کەسە هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن. دەقی نامەکەی کە لیستی ناوی گیراوەکانیشی لەگەڵ دابوو بەم چەشنەیە:

به ئاگاداریتان دەگەیەنین کە رۆژی یەك شەممۆ 20ی ئۆکتۆبری 1996 حەوت کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کوردستانی عێراق بە ئاوارەیی دەژیان, لە ناوچەی هەڵەبجە لە ئوستانی سلێمانی, گیراونو تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

بەگوێرەی زانیاری‌یەکان ئەو کەسانە هەر ئێستا لە زیندانی سوپای پاسدارانی شاری پاوە لە ئوستانی کرماشان دا لەژێر توندترین ئەشکەنجەی جیسمیو رەوانی‌یەکان دان. بە سەرنجدان بە دژایەتیی کاربەدەستان لەگەڵ سەرجەمی ئازادیخوازانو موخالیفان, بەتایبەتی لەگەڵ خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, ئێستا مەترسی جیددی هەرەشە لە گیانی ئەو خەباتگێڕانەی رێگای ئازادیو دێموکراسی دەکاو کەسو کارو هاوبیرانیان بە توندی نیگەرانی چارەنووسی ئەوانن.

هەربۆیە داواتان لێ‌دەکەم کە لە هەر رێگایەکەوە بۆتان دەکرێ بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو خۆشەویستانە هەنگاو بنێنو رێگا مەدەن دەستی‌جەلادانی رێژیمی ئیسلامی ئێران بە خوێنی ئەو ژمارەیە لە ئازادیخوازانی کوردی ئێرانی سوور بێ.

بە حوورمەتەوە

عبداللە حسن‌زادە

سکرتێری گشتیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

26/10/1996ی زایینی

کوردستان ژمارە 239

(5) نامەیەك بۆ سەفیری ئێران لە پاریس مارسێی ـ 6ی نوامبری 1996

نامەی ئاغای بیرنارد گرانژون سەرۆکی ئیفتخاری رێکخراوی پزشکانی جیهان بۆ سەفیری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاریس.

ئاغای سەفیر!

هەر ئێستا هەواڵم پێ‌گەیشت 7 خەباتگێڕ کە ناوەکانیان لە خوارەوەدا دێ, رۆژی 20ی ئۆکتۆبر لە ناوچەی هەڵەبجە بەهۆی یەکێك لە فەرماندەرانی نیزامیی "بزووتنەوەی ئیسلامی" کوردستانی عێراق گیراونو تەحویلی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دراونەوە.

ناوی ئەو 7 خەباتگێڕە بریتی‌یە لە:

-1ارشد رچایی, کوڕی صادق, خەڵکی گوندی شۆشمی (سەر بە ناوچەی پاوە) باوکی سێ منداڵ.

-2محمد عزیز قادری, کوڕی کریم, خەڵکی گوندی نەروێ (سەر بە ناوچەی پاوە) باوکی دوو منداڵ.

-3داریوش اسلامدوست, کوڕی محمد خەڵکی نەوسوود, باوکی دوو منداڵ.

-4یونس محمدپور, کوڕی نعیم, خەڵکی پاوە.

-5مڤفر کاڤمی, کوڕی مولود, خەڵکی پاوە.

-6عدنان اسماعیلی, کوڕی محمد خەڵکی گوندی هەجیج (سەر بە ناوچەی پاوە.(

-7معروف سهرابی, کوڕی محمد سعید, خەڵکی پاوە.

بە گوێرەی ئەو زانیاری‌یانە کە من هەمن ئەو حەوت خەباتگێڕە هەر ئێستا لە زیندانی سوپای پاسداران لە شاری پاوە (ئوستانی کرماشان) دا گیراون.

ئاغای سەفیر! سەرنجت بۆ لای چارەنووسی ئەم حەوت خەباتگێڕە رادەکێشمو داوات لێ‌دەکەم کارێك بکەی لەگەڵ ئەوان بە گوێرەی رو شوێنەکانی مافی مرۆڤ رەفتار بکرێو ئەگەر هاتوو موحاکمە کران پێوانەکانی مافی مرۆڤ وەبەر چاز بگیرێو بە خراپی رەفتاریان لەگەڵ نەکرێ. چونکە بەداخەوە زۆربەی جارەکان لەم جۆرە کاتانە دا شاهیدی رەفتارو کردەوەی خراپ بووین.

لەگەڵ رێزو سپاس دا

دوکتور بێرنارد گرانژۆن

سەرۆکی ئیفتخاری رێکخراوی پزیشکانی جیهان

کوردستان ژمارە 239

(6) نیگەرانیی سەوزەکانی پارلمانی ئوتریش لە چارەنووسی 7 کوردی ئێرانی

خانمی دوریس پولەت ـ کامەر لاندر وتەبێژی سیاسیی سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش رۆژی 1997/2/18 (30ی رێبەندانی 1375) لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی 7 تێکۆشەری دێموکرات کە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە تەحویلی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دراونەوە, نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی ئوتریش دوکتور "ڤۆلف گانگ شەلوسەل" نووسی.

لەو نامەیەدا پاش ناوبردنی ئەو 7 کەسە کە رۆژی 20ی ئوکتوبری 96 لە هەڵەبجە لە ناوچەی پارێزراو لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە, لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە

تەحویلی کۆماری ئیسلامی دراونەوە, باسی ئەوە کراوە کە ئەوان لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێران دا لە ژێر ئازاو ئەشکەنجەدان. لە درێژەی نامەکەدا هاتوە:

"حوکمی ئەوان دەتوانێ تا ئێعدام بڕوا. بۆیە جەنابی وەزیر تکات لێ دەکەم بۆ ئیعتیراز بەو وەزعە تایبەتی‌یەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی ئێران, لە ڕێگای دیپلۆماسی‌یەوە, هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆت بەکار بێنی.

بەداخەوە لەسەر چارەنووسی کوردەکانی ئێران لە نێو بیروڕای گشتیی جیهان دا زۆر کەم باس دەکرێو مەسەلەی ئەوان لە بیرکراوە. چەندین ساڵە هەنگاوێکی سیاسیی گەورە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا لەو بارەیەوە نەهاوێژراوە. بەڵام دەزانم ئێوە لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دا, تا ئێستا هەنگاوی بەکەڵکتان هاویشتوە. هەربۆیە هۆمێدم بە یارمەتیتانە.

لەگەڵ ئەم نامەیەمدا نامەیەکی گروپی سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریشت بۆ دەنێرم کە لەودا چەند پرسیاریان لەو بارەوە لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی ئەو 7 کوردە ئێرانی‌یەدا لێ‌کردووە."

لە نامەی نوێنەرانی سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش بۆ وەزیری دەرەوەدا ئەو پرسیاراتە کراون:

1-"ئاغای وەزیر ئایا ئێوە لە ڕووداوی ناوبراو ئاگادار کراون؟

2-ئەگەر بەڵێ, لەو بارەیەوە چ کارێکی دیپلۆماسیتان سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کەیانە, لەگەڵ ڕێژمی تاران کردوە؟

3-ئەگەر نا, چ بەرنامەیەکتان هەیە بەرامبەر بە ڕفێندران, ئەشکەنجەکرانو لە ئازادی بی‌بەش بوونی ئەو حەوت تێکۆشەرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران."

(7) داوای یارمەتی لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڕێز جەنابی کوفی عەنان!

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

لەگەڵ ڕێزو سڵاوی زۆر دا,

7ساڵ لەمەوبەر لە 20ی ئوکتوبری 1996دا, 6 تێکۆشەری کوردی ئێرانیی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەك پەنابەر لە کوردستانی عێراق دەژیان, لە نزیك شاری هەڵەبجە لە ئوستانی سلێمانی بە هۆی چەند کەس لە چەکدارانی ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" گیرانو بە دەست بەستراوی تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

لەو کاتەوە تا ئێستا، حیزبی ئێمە لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی‌و ناوەندە نێونەتەوەیی‌یەکان پێوەندیی گرتوەو، وێرای ئاگادار کردنەوەیان لەو رووداوە کە کردەوەیەکی ئینسانفرۆشانەو تیرۆریستیی ئاشکرایە، تکاو داوای لێ کردوون نفووزو توانای خۆیان بۆ نەجاتی گیانی ئەو 6 کەسە لە مەترسیی ئێعدام بە کار بێنن. بەڵام سەرەڕای ئەو جۆرە هەوڵانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك هەر ملی بۆ ئازادکردنی ئەوان رانەکێشاوە، بەڵکوو تەنانەت لە دان‌و بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە زانیاری‌یەکیش لە بارەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەران‌و ئازادیخوازانی گەلی کورد، خۆی بواردوە. 7 ساڵ لە گیران‌و تەحویلدرانەوەی ئەو ئازادیخوازانە بە رێژیمی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی رادەبرێ، بەڵام تا ئێستا بنەماڵەو کەس‌و کاریان نازانن ئازیزەکانیان زیندوون یا ئێعدام کراون. ئەگەر زیندوون لە کام زیندان دان‌و لە چ هەلومەرجێکدا دەژین‌و بۆچی هەتا ئێستا رێگە نەدراوە هیچ کەسێك بیان بینێ؟ و ئەگەر گیانیان لێ‌ئەستێندراوە، چۆن‌و لە کوێ موحاکەمەو بە مەرگ مەحکووم کراون‌و لە کوێ بە خاك سپێردراون؟

لە حەوتەمین ساڵی تەحویلدانەوەو بێ‌سەروشوێن کرانی ئەو تێکۆشەرانەدا، تکای خۆمان‌و هاواری دایك‌و باب‌و ژن‌و منداڵ‌و کەسوکارە چاوەروانەکانیان دێنینە لای شەخسی جەنابت. داوا دەکەین لە بەرامبەر چارەنووسی کۆمەڵێك مرۆڤی ئازادیخوازو داواکاری دێموکراسی‌دا، نفووزو توانای خۆتان‌و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ روونکردنەوەی چارەنووسی ئەو 6 ئەندامەی حیزبی دێموکرات بە کار بێنن‌و لە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوا بکەن راستی‌یەکان لە بارەی چارەنووسی ئەو گیراوانەوە ئاشکرا بکاو لەو پێوەندی‌یەدا وەڵامدەر بێ.

جەنابی کوفی عەنان!

دوا هومێدی ئێمەو بنەماڵەو کەسوکاری ئەو رۆڵە ئازادیخوازانەی گەلی کورد، بۆ روونکردنەوەی چارەنووسیان، شەخسی جەنابت‌و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. ناوی ئەو 6 کەسە بەم جۆرەیە:

1. ئەرشەد رەزایی کوڕی سادق لە دایکبووی 1962، خەڵکی "شۆشمێ"ی سەر بە شارستانی پاوە لە ئوستانی کرماشان، خاوەنی هاوسەرو دوو کیژۆڵەی 17 ساڵەو 7 ساڵەو کوڕێکی 15 ساڵە.

2. محەممەد عەزیز قادری، کوڕی کەریم، لە دایکبووی 1959، خەڵکی گوندی "نەروێ"ی سەر بە شارستانی پاوە، خاوەنی هاوسەرو دوو کیژۆڵەی 17و 11 ساڵە.

3. یوونس محەممەدپوور، کوڕی محەممەد عەلی، لە دایکبووی 1970، خەڵکی شاری پاوە.

4. موزەفەر کازمی کوڕی مەولوود، لە دایکبووی 1975، خەڵکی شاری پاوە.

5. مەعروف سۆهرابی کوڕی سەعید، لەدایکبووی 1976، خەڵکی شاری پاوە

6. عەدنان ئیسماعیلی کوڕی سابیر، لەدایکبووی 1975، خەڵکی گوندی دەرە هەجیج، سەر بە شارستانی پاوە.

چاوەڕوانی هەنگاوی جەنابت لەو پێوەندییەدایین.

عەبدوڵلا حەسەنزادە

سکرتێری گشتیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

14ی ئوکتوبری 2003

(8)بانگەواز بۆ حیزبو ڕێکخراوە دێموکراتەکانو کۆڕو کۆمەڵەو مرۆڤە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان

لە 30ی ڕەزبەری 1375 (22ی ئۆکتۆبری 1996)دا, 6 تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەك پەنابەر لە کوردستانی عێراق دەژیان, لە نزیك شاری هەڵەبجە لەلایەن ئەفرادی چەکداری "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان"ەوە گیرانو تەحویلی ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو ڕێژیمە لە دانو بڵاوکردنەوەی هەرچەشنە زانیارییەك لەبارەی چارەنووسی ئەو 6 کەسەوە خۆی بواردوەو بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێیانیان تا ئێستا نازانن ئەو خۆشەویستانەیان چیان بەسەر هاتوە. ئەگەر ماون, لە کوێنو لە چ وەزعێك دان؟ ئەگەر شەهید کراون, تەرمەکانیان لەکوێ بەخاك سپێردراوەو چیان لێ کراوە؟

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی چارەنووسی ئەو 6 تێکۆشەرە, لە نامەیەکدا داوای یارمەتیی لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز کوفی عەنان کردوە. داوا لە هەموو حیزبو ڕێکخراوە دێموکراتەکانو کۆڕو کۆمەڵو ناوەندو ئینسانە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکان دەکەین, بە ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆیان لەو داخوازەی حیزبی دێموکرات, دەنگی خۆیان تێکەڵی هاواری بنەماڵەو کەسوکارو هاوبیرانی ئەو تێکۆشەرە بێسەرو شوێن کراوانە بکەن. با بە هاودەنگیی یەکترو داوای بە کۆمەڵمان, پشتی هەوڵە ئینساندۆستانەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چارەنووسی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو ئازادیخوازانە بگرینو کۆماری ئیسلامی سەرئەنجام ناچار بکەین ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەوانەوە ئاشکرا بکا.

پشتیوانی لە نامەی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێز کوفی عەنان, هەروەها بەمانای مەحکوومکردنو وەبیرهێنانەوەی ئەو کردەوە ئینسانفرۆشانەیەشە کە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" لێی بەرپرسیارەو دەبێ لە بەرامبەریدا, وەڵامدەر بێ.

داوا دەکەین بە ڕاگەیاندنی پشتیوانیو بە زیادکردنی ناوو ئیمزای خۆتان لە نامەی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێز کوفی عەنان, لەو هەوڵە مرۆڤدۆستانەیەدا بەشدار بن. پێشەکییش لەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئینسانیو خێرخوازانەیە بە دەنگمانەوە دێن, سوپاستان دەکەین.

دەتوانن بەم ئیمەیلانە یا لە ڕێگای پێوەندیگرتن بە نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتو رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانو ڕۆژنامەی "کوردستان" پشتیوانیی خۆتان رابگەیەنن.

bangawaz@kurdistanmedia.com

kurdistanmedia@yahoo.com

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

..........

سەرچاوە:

http://mahdy70.blogfa.com/post-39.aspx

http://mahdy70.blogfa.com/post-38.aspx